ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی ئەلیزێ لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن کۆدەبێتەوە

بە گوێرەی مالپەڕی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی فەرەنسا، سەردانی پاریس دەکات و بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەمە 10ی تەموزی 2019 لە کۆشکی ئەلیزێ لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا کۆببێتەوە. هەر بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرەنسا پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆخی ناوچەکە و چەند بابەتێکی دیکە تاوتوێدەکەن. سەبارەت بە ئەجێندا و گرنگیی سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ فەرەنسا، عەلی دۆلەمەری، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتویەتی: بڕیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی فەرەنسا بکات و لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا کۆببێتەوە، کە کۆمەڵێک تەوەر باس دەکرێن و ئەمەش لە ڕووی سیاسی و ئابووریيەوە گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، گوتیشی: سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی فەرەنسا، گرنگییەکی یەکجار زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەت لە بواری سیاسی و ئابووریدا و بڕیاریشە ئەمڕۆ چوارشەمە کاتژمێر پێنجی ئێوارە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا کۆببێتەوە.



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5786) چوارشەمە 10ی تەموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەرێمی کوردستان بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو دەنێت

ئەمڕۆ پەرلەمان متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی دەدات



ئەمڕۆ چوارشەمە 2019/7/10 پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و متمانە بە کابینەی نێچیرڤانی هەرێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی دەدات. هاوکات دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرایکرد کە پرۆسەی وردبینیکردن لە سیڤیی کاندیدانی وەزارەتەکانی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، لە ڕاگەیاندراوێکدا دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد: دوابەدوای نووسراویان ژمارە 113/5 لە 2019/6/23 بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کە تیایدا داوایان کردبوو، سیڤیی کاندیدانی کابینەی حکوومەت و پلە تایبەتەکانیان بۆ ڕەوانە بکەین بە مەبەستی وردبینیکردن، دوێنێ سێشەمە 2019/7/9 بە نووسراوی فەرمی دەستەی دەسپاکی ئاکامی وردبینیی کاندیدەکانی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردەوە، وەک ئەرکێکی خۆی لەژێر ڕۆشنایی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان:

کوردستانێکی ئازاد پێویستیی بە ئازادکردن نییە

دەبێت هەموولایەک ڕێز لە سەروەریی هەرێم و دامەزراوە شەرعییەکانی بگرن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی هاوواڵتیانی هەرێم بکەن

دوێنێ سێشەمە 2019/7/9 ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە چەند میدیایەکی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان و چەند دەزگایەکی ناوخۆیی "بۆ سوودی سیاسی" بانگەشەیان بۆ دەکرد. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونکراوەتەوە: ئێمە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرلەبەری ئەم تۆمەتە ڕەتدەکەینەوە. وێڕای ئەمەش ئەم هەوڵە میدیاییە چەواشەکارانە ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە بوونی پەکەکە بەم شێوازەی ئێستایان لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی سەرەکییە، بۆ ڕاکێشانی شەڕ و نائارامی بۆ ناو هەرێم. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هەندێ میدیای نزیک لە پەکەکە، تۆمەتێکی ناڕەوایان خستۆتە پاڵ دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، کە گوایە لە کوشتنی سەرکردەیەکیان تێوەگلاون، بەداخەوە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نێوخۆییش بۆ سوودی سیاسی پەردیان بەم تۆمەتە بێبنەمایە داوە.

ئێمە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرلەبەری ئەم تۆمەتە ڕەتدەکەینەوە. وێڕای ئەمەش ئەم هەوڵە میدیاییە چەواشەکارانە ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە، کە بوونی پەکەکە بەم شێوازەی ئێستایان لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە، بۆ ڕاکێشانی شەڕ و نائارامی بۆ ناو هەرێم. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

گۆڕان: پارتی نیازی چاکسازیی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەیە

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، کاتێ زانییان پارتی نیازی چاکسازی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەیە، لە کابینەی نوێدا بەشداریان کرد. نزار مەحمود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕایگەیاندووە: لە دوای هەڵبژاردنەوە سەرنجمان لەسەر ئەوە بووە کە پارتی حکوومەت پێکدێنێت، دریژەپێدەری کابینەکانی پێشوو دەبێت، یان دەیانەوێ ئەو قەیران و گەندەڵییانەی هەن چارەیان بکەن، دواتریش لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ شاندی پارتی بۆمان دەرکەوت، کە ئەوانیش دەیانەوێت چاکسازی بکەن و کار بۆ بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکوومییەکان بکەن، بۆیە بڕیارمان داوە بەشداری لە کابینەی نۆیەمدا بکەین.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



هەرێمی کوردستان بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو دەنێت

ئەمڕۆ پەرلەمان متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی دەدات

چاودێرێکی سیاسی: تیمێکی بەهێز لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبن



ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/7/10 پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و متمانە بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی دەدات. هاوکات دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرایکرد کە پرۆسەی وردبینیکردن لە سیڤیی کاندیدانی وەزارەتەکانی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، لە راگەیاندراوێکدا دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد: دوابەدوای نووسراویان ژمارە 113/5 لە 2019/6/23 بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کە تیایدا داوایان کردبوو، سیڤیی کاندیدانی کابینەی حکوومەت و پلە تایبەتەکانیان بۆ ڕەوانە بکەین بە مەبەستی وردبینیکردن، دوێنێ سێشەممە 2019/7/9 بە نووسراوی فەرمی دەستەی دەسپاکی ئاکامی وردبینیی کاندیدەکانی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردەوە، وەک ئەرکێکی خۆی لەژێر ڕۆشنایی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان.

-کارنامەی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوێکی تایبەت بە بانگهێشتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆبوونەوە، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/7/10ی ڕاگەیاند: بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت وەکو لە ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەماندا هاتووە کە بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم و سێیەم) لە مادەی 16و بڕگەی سێیەم لە مادەی 18 و مادەکانی (47، 48، 52، 55، 56 و 57) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 2019/7/10 بەم شێوەیە بێت:

یەکەم:

1- متمانەدان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە بە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 2019 لە پەرلەمانی کوردستان ناوزەندکراو بە فەرمانی ژمارە (1)ی ساڵی 2019ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن ڕاسپێردراوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی بڕگەی 4ی مادەی پەنجا و شەش لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و متمانەدان پێیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان-عێراق. دووەم: سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وەزارییی نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی مادەی 6 لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو. سێیەم: خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی وەزارییی نۆیەم لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

-سەرجەمی ڕێکارەکان تەواو بوونە

هاوکات ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: سەرجەم ڕێکارەکان بۆ دەنگدان لەسەر ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ و ئەندامانی حکوومەتی نوێ تەواو بوونە و ئەمڕۆ دەنگ بە کابینەی نوێ دەدرێت. خۆشناو، لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕایگەیاندووە سەرجەمی ڕێکارەکان بۆ دەنگدان بە ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ئەندامانی پێکهاتەی کابینەی نوێ تەواو بوون و ئەمڕۆ کاتژمێر11 پەرلەمانی کوردستان دادەنیشێ و دەنگیان پێ دەدرێت. سەبارەت بە ئالۆگۆڕی چەند پەرلەمانتارێکیش، خۆشناو ڕوونیکردەوە، کە لە دوای دەنگدان بە کابینەی نوێ دەبێت، بەڵام کاتەکەی دیاری نەکرد.

-تیمێکی بەهێز لە حکوومەت دەبن

هەروەها عارف قوربانی، چاودێری سیاسی، بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: گرنگە کە پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن و سیڤیی کاندیدانی پۆستە وەزارییەکان کە دراوە بە پەرلەمان پێمان دەڵێت، تیمێکی بەهێز لە کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبن. چاودێران و هاوواڵاتیانی کوردستان چاویان لە کابینەی نوێیە کە هەنگاوی گەورە لە بواری چاکسازی و شەفافیەتی داهات و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و فراوانکردنی پێوەندیی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی بنێت. عارف قوربانی گوتیشی: کەسایەتیی بەڕێز کاک مەسرور بارزانی، کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، کەسایەتێکی بەهێزە و لەژێر تایتڵی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیشدا ڕایانگەیاند، کار دەکەن بۆ کوردستانێکی بەهێز، کوردستانێکی بەهێز پێویستی بە تیمێکی بەهێزە لە حکومڕانیدا، هاوواڵاتیان ئومێدێکی گەوردیان بە حکوومەتی نوێ هەیە، بە تایبەت پاش ئەو قەیرانە ئابووریەی بەرۆکی گرتبووین، بۆ ئەوەی بتوانین دەستپێک و سەرەتایەکی باشترمان هەبێت بۆ ئەوەی لە هەر ئەگەر و قەیرانێکدا کوردستان نەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی قەیرانەکە. قوربانی دەشڵێت: گەشبینم بەوەی چوارساڵی ئایندە، ڕێککەوتنی لایەنەکان لەبارەی حکومڕانییەوە جێبەجێدەکرێت و تووشی هیچ تەنگژەیەکی سیاسی نابینەوە، ئەو کێشانەی کە لە ڕابردوودا لەسەر دەستوور و سەرۆکایەتیی هەرێم هەبوون، ئێستا چارەسەری پێشوەختەیان بۆ دۆزراوەتەوە، بەشی زۆرینەی کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەت جێبەجێ دەکرێت.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان:

کوردستانێکی ئازاد پێویستیی بە ئازادکردن نییە

دەبێت هەموولایەک ڕێز لە سەروەریی هەرێم و دامەزراوە شەرعییەکانی بگرن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەرێم بکەن



دوێنێ سێشەممە 2019/7/9 ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە چەند میدیایەکی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان و چەند دەزگایەکی ناوخۆیی ناو هەرێم. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هەندێ میدیای نزیک لە پەکەکە، تۆمەتێکی ناڕەوایان خستۆتە پاڵ دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، کە گوایە لە کوشتنی سەرکردەیەکیان تێوەگلاون، بەداخەوە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نێوخۆییش بۆ سوودی سیاسی پەرەیان بەم تۆمەتە بێبنەمایە داوە.

ئێمە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرلەبەری ئەم تۆمەتە ڕەتدەکەینەوە. وێڕای ئەمەش ئەم هەوڵە میدیایییە چەواشەکارانە ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە، کە بوونی پەکەکە بەم شێوازەی ئێستایان لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە، بۆ ڕاکێشانی شەڕ و نائارامی بۆ هەرێم. چەندین ساڵەش ڕێگرن لە ئاوەدانکردنەوەی زیاتر لە هەشت سەد گوند و ئاوایی هەرێمی کوردستان. بەداخەوە بەم دواییانەش چەکدارانی پەکەکە خۆیان خستۆتە پەنای گوند و ئاواییەکانمان و بەم هۆیەشەوە هاووڵاتیانی سڤیلمان بوونەتە قوربانیی پێکدادانی نێوان پەکەکە و تورکیا.

لێرەدا جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە کۆی سیستەمی ئیداریی هەرێم کە بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیانی، دژی ئەم سیاسەتەی پەکەکەیە و خوازیارین کێشەکەیان بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەو ڕاستییە دەخەینەوەڕوو کە کوردستانێکی ئازاد پێویستیی بە ئازادکردن نییە.

دەبێت هەموولایەک ڕێز لە سەروەریی هەرێم و دامەزراوە شەرعییەکانی بگرن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەرێم بکەن.

هاوکات خوازیارین هەموو هێزەکانی ناوچەکە ڕێگەی ئاشتیانە و گفتوگۆ بگرنەبەر و کۆتایی بە خوێنڕشتن بهێنرێت.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

2019/7/9

بە هۆی دەمیرتاشەوە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا سزای بەسەر تورکیادا سەپاند



/K24

دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا ڕایگەیاند، تورکیا مافی سەلاحەدین دەمیرتاشی پێشێل کردووە و ئەو وڵاتەی بە سێ هەزار یۆرۆ سزا دا. لە بڕیارێکدا دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا ڕایگەیاند، تورکیا مافی سەلاحەدین دەمیرتاشی پێشێل کردووە، دوو هەزار یۆرۆ وەک قەرەبووکردنەوەی دەمیرتاش و هەزار یۆرۆش وەک خەرجی دادگا، سزای دارایی بەسەر تورکیادا سەپاند.

لە ساڵی 2005 لەبەر ئەوەی دەمیرتاش بەشداری لە بەرنامەیەکی ڕۆژ تیڤی کردبوو، بە بیانووی پڕوپاگەندە بۆ تیرۆر تورکیا دەمیرتاشی سزا دابوو. لەبەرامبەردا دەمیرتاش سەردانی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپای کردبوو. لە کۆتایی ئەو دۆسیەیەشدا دادگا بڕیاریدا بەوەی تورکیا ئازادی دەمیرتاشی پێشێل کردووە.

ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی ئەلیزێ لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن کۆدەبێتەوە

باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا تاوتوێدەکرێت



وێنە: ئەرشیف

بە گوێرەی مالپەڕی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی فەڕەنسا، سەردانی پاریس دەکات و بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 10ی تەموزی 2019 لە کۆشکی ئەلیزێ لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا کۆببێتەوە. هەر بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەڕەنسا پەیوەندییەکانی فەڕەنسا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆخی ناوچەکە و چەند بابەتێکی دیکە تاوتوێدەکەن.

سەبارەت بە ئەجێندا و گرنگی سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ فەڕەنسا، عەلی دۆلەمەری، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتوویەتی: بڕیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی فەڕەنسا بکات و لەگەڵ سەرۆکی فەڕەنسا کۆببێتەوە، کە کۆمەڵێک تەوەر باس دەکرێن و ئەمەش لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا، گوتیشی: سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ولاتی فەڕەنسا، گرنگییەکی یەکجار زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەت لە بواری سیاسی و ئابووریدا و بڕیاریشە ئەمڕۆ چوارشەممە کاتژمێر پێنجی ئێوارە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ سەرۆکی فەڕەنسا کۆببێتەوە و جگە لەوەش لەگەڵ وەزیری دەرەوە و پەرلەمان و سەرۆکی شارەوانییش کۆبوونەوە ئەنجامدەدات و کۆمەڵێک تەوەر لەو کۆبوونەوانەدا باس دەکرێن، لەوانە باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و فەڕەنسا.

دۆڵەمەری گوتیشی، جگە لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە گرنگیی زۆری هەیە، ئەو سەردانە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا فەڕەنسییەکان هان بدرێن بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان، بۆیە ئەمە دەستپێکێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی فەڕەنسا لە ڕووی ئابوورییشەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات. ناوبراو باسی لەوەشکرد، فەڕەنسا یەکەم وڵات بووە گرنگیی بە هەرێمی کوردستان داوە، بە تایبەت لە شەڕی داعش و یەکەم وڵاتیشە کە پێشوازی لە سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان دەکات، کە ئەمەش گرنگیی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە. دەشڵێ، بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا سەرۆکی فەڕەنسا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات.

فەلاح حەسەن لە کۆڕبەندی پەرلەمانتارانی جیهان وتارێکی پێشکەشکرد




فەلاح حەسەن، جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسیی ئەوروپا و جیهان، هاوکات نوێنەری لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، لە دووەمین کۆڕبەندی پەرلەماتارانی جیهان سەرۆکایەتیی شاندی لاوانی سیاسیی ئەوروپای کرد و وتاری فەرمیی لاوانی ئەوروپای بۆ ئامادەبووان پێشکەشکرد. لە وتارەکەیدا باسی ئەو ئاستەنگانەی کرد کە دێنە بەردەم گەنجان لەسەر ئاستی جیهاندا. هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی گەنجان دا لە پێشخستنی کۆمەڵگە و وڵات و ڕاپەراندنی کارەکانیان. لە کۆتایی وتارەکەیدا فەلاح حەسەن خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە و ئەو متمانەی لاوانی سیاسیی ئەوروپای پێبەخشراوە و نوێنەرایەتییان دەکات.

گۆڕان: پارتی نیازی چاکسازیی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەیە

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، کاتێ زانییان پارتی نیازی چاکسازی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەیە، لە کابینەی نوێدا بەشداریان کرد. نزار مەحمود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕایگەیاندووە: لە دوای هەڵبژاردنەوە سەرنجمان لەسەر ئەوە بووە کە پارتی حکوومەت پێکدێنێت، دریژەپێدەری کابینەکانی پێشوو دەبێت، یان دەیانەوێ ئەو قەیران و گەندەڵییانەی هەن چارەیان بکەن، دواتریش لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ شاندی پارتی بۆمان دەرکەوت، کە ئەوانیش دەیانەوێت چاکسازی بکەن و کار بۆ بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکوومییەکان بکەن، بۆیە بڕیارمان داوە بەشداری لە کابینەی نوێەمدا بکەین. ناوبراو جەتیشی لەوەش کردۆتەوە، کە پێکەوە دەتوانن چارەی دۆخەکە بکەن، بەو پێیەی لە لایەک ڕێککەوتنیان لەگەڵ پارتیدا هەیە، کە کار بۆ بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکوومییەکان بکەن و دەستی حزب لە حکوومەت دوور بخرێتەوە و چاکسازی بکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە بواری تێپەڕاندنی دۆخەکە هەیە و، گوتیشی: ئەرکی زۆربنەش دەکەوێتە ئەستۆی پارتی، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت بە دەست ئەوانە، مەرجیش نییە، لە چوار ساڵی ئایندەدا سەرجەمی کێشە و کەموکوڕییەکان چارە بکرێن و حکوومەتێکی عەیارە24 بێت، بەڵام دەتوانرێت سێ بەشی چارە بکرێت. ئەوەی بە لای نزار مەحمودیشەوە گرنگ بوو، یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە، کە بکرێنە سوپایەکی نیشتمانیی بێتلایەن، هاوکات کارکردن بۆ سەربەخۆبوونی دادگاش کە دوو جومگەی سەرەکین، هەربۆیەشە پێی وایە، گەر ئەو دوو بابەتە سەرکەییە چارە بکرێن، ئەوانی دیکە بەئاسانی چارە دەکرێن.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە قوتابی مەنسور قادر یەکەم لەسەر ئاستی هەرێم کرد



دوێنێ سێشەممە 2019/7/9 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی منی نبی قەهوەجی سکرتێری پەرلەمان لە نوسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی کرد لە قوتابی مەنسور قادر یەکەمی سەرئاستی هەرێمی کوردستان لەپۆلی 12ی زانستی و ژمارەیەک لە کەسە نزیکەکانی. لە دیدارێکدا کە نزار مەلا عبدالغفار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی قوتابی مەنسور قادر و یاوەرانی بۆ پەرلەمانی کوردستان و پیرۆزباییکردن لێی بەبۆنەی بەیەکەم دەرچوونی لە پۆلی 12ی زانستی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە قۆناغەکانی خوێندنی داهاتووی و ستایشی هەوڵ و ماندووبوونی لە قوتابییەکە و خانەوادە و کەسوکاری کرد بەبۆنەی بەدەستهێنانی ئەو پلە بەرزە. لە بەرامبەردا قوتابی مەنسوور قادر و کەسوکارەکەی زۆر سوپاسی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ ئەو پێشوازی و گرنگیدانە بەجۆشەیان و قوتابی مەنسوور-یش بەڵێنیدا کە هەمیشە بەوپەڕی لە خۆبردووییەوە دریژە بەقۆناغەکانی خوێندنی داهاتووی بدات بۆئەوەی لە داهاتوودا بەو بڕوانامەیەی کە بەدەستی دەهێنێت خزمەتی هەرێمی کوردستانی پێبکات.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە قوتابی مەنسوور قادر نەوەی ئەنفالە و خەڵکی شارۆچکەی هەریرە و توانیی پلەی یەکەم بەدەستبێنێت لە پۆلی 12ی زانستی بە کۆی نمرەی 99.43 بۆ ساڵی خوێندنی 2018-2019 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

د. نایلا تەبارە بۆ خەبات چیتر کورد لە عێراق و ناوچەکە بەتەنیا نامێنێتەوە

پێویستە هێزە عێراقییەکان سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن نەک دژایەتیی بکەن

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لەدیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات د. نایلا تەبارە بەڕێوەبەری پەیمانگای هاوولاتیبوون و فرەیی، ئاماژە بۆ ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و ئەو گۆڕانکارییەی کەپێشبینی دەکرێت بەسەر دەستووری عێراقدا بهێنرێت و دەڵێت: پێویستە لەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەدا سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت و ئەو پێشکەوتنانەی کە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە قەوارەی فیدراڵی عێراق بەدەستیهێناوە لەبواری مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت و فرەیی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی ئێجگار بەسوود دەبێت بۆ عێراق و هەنگاوەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور و دانانی برگەی نوێ.



د. نایلا تەبارە کە دکتۆراکەی لە ڕۆڵی تەسەوفە لەئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاینی و بەرەگەز لوبنانیە لە درێژەی دیمانە تایبەتەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: زۆر لەدەوڵەتانی ناوچەکە سەرەڕای توانای ئابووری بەهێز و بارودۆخی یاسایی و مەعنەویان بەڵام لەبەردەم دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام کە بە داعش ناسراوە تووشی شپرزەیی و لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون، بەجۆرێک هێشتا لە سێبەری دێوەزمەی داعشدا ماونەتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بابەتەکە جیاوازە و بینیمان کورد نەک هەر ئازایانە و بێ دوودڵی ڕووبەڕووی تیرۆرستانی داعش بوونەوە، بەڵکو سوودیان لەدرێندەیی داعش و سەرلێشێواویان بۆ تەفسیرە ئاینیەکان وەرگرت و توانیان لەماوەی چەند ساڵێکدا زۆربەی توانا سەربازی و ئابووریەکانی داعش لەناوببەن و تارادەیەکیش لە ڕووی فیکریەوە کاریان کردووە بۆ نەهێشتی ئەم فکرە.

دکتۆرە نایلا تەبارە بەڕێوەبەری پەیمانگەی هاوولاتیبوون و فرەیی کە دامەزراوەیەکی ڕێزلێگیراوی نێودەوڵەتییە و لە بواری ماف و ئەرکەکانی هاوولاتیاندا لەچەندین وڵاتی جیهان و هەرێمی کوردستانیش پرۆژەیان هەیە، لەبارەی ئایندەی کورد لە عێراقدا و ئەگەری گۆڕانکاری لەدەستوور و خۆدزینەوە لەمادەی 140ی دەستووری عێراق گوتی: بروا ناکەم عێراق و هێزە سیاسییەکانی عێراق زاتی ئەوە بکەن لەمەودوا هەوڵی وروژاندنی کورد لەڕێگەی زەوتکردنی زیاتری مافەکانیانەوە بدەن، چونکە هێشتا عێراقیەکان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش لەڕێز ڕاچڵەکینی خەڵکی کوردستان لەمەسەلەی دەنگدان بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی ماون و زۆر باشیش ئەو لایەنانە دەزانن کە سەرۆک مسعود بارزانی و خەڵکی کوردستان لەئەنجامی جێبەجێنەکردنی برگەکانی دەستوور و پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمی دا و نێستاش عێراقیەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەنین بەهەموارکردنی دەستووری عێراق بەبێ ڕەزامەندی گەلی کورد. لەم ڕۆژانەدا لەناو هەندێ لایەنی عێراقی هەوڵێک هەبوو بۆ دەستبردن بۆ مافی دارایی و موچەی خەڵکی کوردستان بەڵام بینیمان بەشێکی زۆرکەم لەپەرلەمانتارانی عێراق لەگەڵ داواکاری برینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بوون.

لەکۆتایی دیمانەکەدا ئەم خاتوونە دەڵێت: لەوباوەڕەدا نیم چیتر کورد لە عێراق و ناوچەکە بەتەنها بمێنێتەوە چونکە ئەو هەنگاوە تەشریعی و تەنفیزیانەی لەهەرێمی کوردستان لەبارە جیاجیاکاندا دەبینرێت ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەبێ عێراقیەکان سوود لەئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن نەک دژایەتی بکەن.

هەکاری.. دوو سەربازی تورکیا کوژران و یەکێکی دیکەش بریندارببوو

دوێنێ سێشەممە وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی پەلاماردانی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی لە دوورەوە لە لایەن پەکەکەوە لە هەکاری، دوو سەرباز کوژران و سەربازێکی دیکەش بریندارببوو. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتی بەرگریی تورکیا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە، دوێنێ سێشەممە لە ناوچەی هەکاری لە ئەنجامی پەلاماردانی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی لە دوورەوە لە لایەن هێزەکانی پەکەکەوە، دوو سەرباز کوژراون و سەربازێکی دیکەش بریندارببووە.



تورکیا...

فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 176 سەرباز دەرچوو

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ڕێکخراوی خزمەتی سەر بە فەتحوڵڵا گولەن لەنێو سوپای تورکیا کە لە لایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری لە ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 176 سەربازی هەمیشەیی دەرکرا. لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە لایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری لە ئیستانبوڵ بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە بە هەماهەنگی نێوان سەرۆکایەتی فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سەربە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی هێزەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سەربە ئاسایشی ئیستانبوڵ کاری چڕکراوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوەکە کە بە ڕێگەی جۆراوجۆر پەیوەندییان ئەنجامداوە و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکراوە کە 176 گومانلێکراون و بەپێی ئەو هێزانەی تیایدان پۆلیسکراون کە 100یان سەربە فەرماندەیی هێزەکانی وشکانیی، 33یان کارمەندی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی، 37یان کارمەندی فەرماندەیی هێزەکانی دەریایی و شەشیشیان کارمەندن لە فەرماندەیی ئاسایشی کەنارەدەریان. جێی باسە ئەنقەرە فەتحوڵا گولەنی تۆمەتبار کردووە بە تۆمەتی پلانگێڕان بۆ کودەتا سەرنەکەوتووەکەی 15ی مانگی حەوتی2016 گولەنیش ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە. هەروەها لە دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەوە بەرپرسانی تورکی زیاتر لە77 هەزار کەسیان دەستگیرکردووە و چاوەڕێ دادگاییکردنەکانیانن، هەروەها نزیکەی 150 کارمەندیان لە سوپا و دامودەزگاکانی دیکەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دوورخستۆتەوە.

مایک پۆمپیۆ: حکوومەتی عێراق لە دوای ساڵی 2003ەوە نەیتوانیوە ژیانی کریستیانەکان بپارێزێت



مایک پۆمپیۆ وەزیری، دەرەوەی ئەمەریکا ڕەخنەی لە حکوومەتی عێراق گرت لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێک لە کۆنفرانسی یەکێتی کریسیانەکان بۆ وڵاتی ئیسرائیل لە واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕێوەچوو لە ژێر ناونیشانی " ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل: دۆستایەتێیک بۆ ئازادی". پۆمپیۆ لە وتارەکەیدا گوتی: کریستیانەکان و کەمینەی ئایینی لە هەندیک وڵات لە ڕۆژئاوای ناوەڕاست ژیانیان پارێزراو نەبووە و لە عێراقیش کریستیانەکان ژمارەیان زۆر کەمبۆتەوەو لە هەندێک شوێنیش بەڕەو لەناوچوون دەچن بە تایبەتی لەو شوێنانەی داعشی لێبوون. پۆمپیۆ لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەشدا، حکوومەتی عێراق لە دوای ساڵی2003 نەیتوانی ژیانی کریستیانەکان لە داعش بپارێزێت، بو نموونە پێشتر ملیۆنیک و پێنج سەد هەزار کریستسانی لە عێراق دەژیان، ئێستا بە داخەوە کەمبوونەتەوە بۆ نزیکەی 250 هەزار کەس، عێراق نەیتوانی ژیانیان بپارێزێت، بەڵام ئەمەریکا هەوڵی داوە نەک لە عێراق، بەڵکو لە هەر شوێنێک کریستیانەکان و کەمینەی ئایینی لە ژێر هەڕەشە بن ژیانیان بپارێزێت. جێی ئاماژە پێدانە لە ساڵی 2014 هاتنی داعش بۆ عێراق بە پلەی یەکەم کریستیانەکان و کەمینەکان بوونە قوربانی و سەرەڕای کۆژرانی هەندێکیان، ژمارەیەکی زۆرشیان ئاوارەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بوون.

پەرلەمانتارێکی عێراق هۆکاری پڕبوونی گرتووخانەکانی مووسڵ ئاشکرا دەکات



پەرلەمانتارێکی عێراق هۆکاری پڕبوونی گرتووخانەکانی شاری مووسڵ لە زیندانییان، ئاشکرا دەکات. لە بەیاننامەیەکدا، ئەحمەد مەدلول جەڕبا، پەرلەمانتاری عێراق دەری کردووە و وێنەیەکی گەیشتووەتە خەبات، جەڕبا ڕایگەیاندووە، ئەو 70 هەزار کەسەی مووسڵ، کە دەزگا ئەمنییەکان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکردوون، "زۆر زۆر زۆر زیادەڕەوی تێدایە ."

ئەحمەد جەڕبا پێی وایە ئەگەر مووسڵ ئەو ژمارە زۆرەی تیرۆریستانی تێدا با، هێزە عێراقییەکان نەیاندەتوانی ئەو شارە ڕزگار بکەنەوە و تا ئێستاش مووسڵ لەژێر دەسەلاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەبوو. ئەو پەرلەمانتارە دوو هۆکار، بە هۆکاری پڕبوونی گرتووخانەکانی مووسڵ لە زیندانییان دەزانێت و دوو هۆکارەکەی بە "کارەسات" ناو بردوون.

هۆکارەکان:

- لەیەکچوونی ناوی داواکراوەکان. واتە زۆربەی ئەوانەی دەستگیرکراون، تاوانبار و تیرۆریست نین، بەڵکو ناوەکانیان هاوشێوی ناوی داواکراوەکانە.

- سکالاّ هەڕەمەکییەکان. واتە هێزە ئەمنییەکان بە سکالاّی هەڕەمەکی خەڵکی شاری مووسڵ بە تۆمەتی تیرۆر، دەستگیر دەکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. لە شەش مانگدا 19 هاووڵاتیی کورد لەسێدارە دراون

هاووڵاتییەکی کورد لە گرتووخانەی مەهاباد لە پێش چاوی بەندکراوانی دیکە لەسێدارە دراوە

بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە دەزگای دادوەریی ئێران حوکمی سێدارەی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی مەهاباد بە ناوی "وەیسە عەلیپوور" لەناو گرتووخانەی ئەو شارە و لە پێش چاوی بەندکراوانەوە جێبەجێ کردووە. ئەرسەلان یارئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ " بە خەباتی ڕاگەیاند وەیسە عەلیپوور خەڵکی ناوچەی "شامات"ی مەهاباد بووە و بە تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەست حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێندرابوو. وەیسە عەلیپوور چوار ساڵ پێش ئێستا بەهۆی کێشە لەسەر ماڵ و مووڵک، هاووڵاتییەکی دیکەی کوشتووە و دواتر دەستگیر کراوە. یارئەحمەدی لەزاری سەرچاوە خۆجێییەکانەوە گوتی ئەو بەندکراوە کوردە لە حەوشەی بەندیخانە و لە پێش چاوی بەندکراوانی دیکە لەسێدارە دراوە. بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی (هەنگاو)، لە سەرەتای ساڵی 2019ـەوە، واتە لە ماوەی 6 مانگدا، لانیکەم 19 هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران لەسێدارە دراون کە سەرجەمیان بەهۆی قەتڵ و کوشتنی ئەنقەست حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپابوو.



تەرەمپی بە "بێتوانا" وەسف کردبوو

تەرەمپ: ئێتر لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە واشنتۆن کارناکەین



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ سەبارەت بە باڵیۆزی بەریتانیا لە واشنتۆن، کیم داروچ، کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت بە تەرەمپی گوتووە "بێتوانا"، ڕایگەیاند: ئیتر لەگەڵیدا کارناکەین. دۆناڵد تەرەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، ڕوونکردنەوەی لەبارەی باڵیۆزی بەریتانیا لە وڵاتەکەی دا، کە پێشتر بەشێک لە گوتەکانی دژی پێکرابوون و بڵاوکرابوونەوە. تەرەمپ جەختی لەوەکردەوە کە شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێرێزا مەی لەبارەی بڕێکسیتەوە هەڵە بووە و ڕایگەیاند: من پێم گوت کە ئەم کارە پێویستە بەچ شێوەیەک ئەنجامبدرێت بەڵام ئەو بڕیاریدا ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێرێت.
لەبارەی باڵیۆزی بەریتانیا لە واشنتۆن، کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک گوتەی نەرێنی لەبارەی تەرەمپەوە بۆ میدیای بەریتانی دزەپێکرابوو، سەرۆکی ئەمەریکا بێ ئەوەی ناوی بهێنێت ڕەخنەی ئاڕاستەکرد و ڕایگەیاند: باڵیۆزەکە ناناسم بەڵام لە واشنتۆن حەز بە چارەی ناکرێت و بە باشی لەبارەیەوە بیرناکرێتەوە. چیتر لەگەڵیدا کارناکەین. هەواڵی خۆش ئەوەیە کە شانشینی یەکگرتووی مەزن لەدوای ماوەیەکی کورت سەرۆکوەزیرانێکی نوێی دەبێت.

دادگای حووسییەکان سزای لەسێدارەدانی بۆ 31 بەندکراو دەرکرد

سەرۆکی ڕێکخراوی سام بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان، تەوفیق حەمیدی ڕایگەیاند کە بەناو دادگای تاوانەکانی حووسییەکان لە سەنعا، سزای لەسێدارەدانی بۆ 31 بەندکراو دەرکردووە.
ڕێکخراوی سام بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان، ڕێکخراوێکی ناحکوومییە و بارەگاکەی لە شاری جێنڤ پایتەختی سویسرایە. تەوفیق حەمیدی ئاشکرای کردووە کە لەنێو ئەو 31 بەندکراوەی کە لە لایەن دادگای تاوانەکانی حووسییەکانەوە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە، مامۆستای زانکۆی سەنعا، یوسف بەواب و سەرکردە لە پارتی گردبوونەوەی چاکسازی یەمەن، نەسر سەلامیی. ناوبراو وای بۆ دەچێت کە ئەو سزایانە هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە، چونکە لە لایەن دادگاییەکەوە دەرکراوە کە دەسەڵاتی یاسایی نییە بەو پێیەی بەهیچ شێوەیەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا دانی پێدانەنراوە. جێی باسە تا ئێستا هیچ زانیاری و ڕوونکردنەوەیەک لەوبارەیەوە لە لایەن حکوومەتی یەمەن و حووسییەکانەوە بڵاونەکراوەتەوە.

ئەمەریکا بە بەهای زیاتر لە دوو ملیار دۆلار چەک بە تایوان دەفرۆشێت و چینیش نیگەرانە



حکوومەتی ئەمەریکا گرێبەستێکی فرۆشتنی چەکی بە بەهای 2.2 ملیار دۆلار بە تایوان پەسەند کرد. ئاژانسی هەماهەنگیی ئاسایشی بەرگریی ئەمەریکا سەربە وەزارەتی بەرگریی ئەو وڵاتە، لەبارەی پەسەندکردنی گرێبەستێکی فرۆشتنی چەکەوە لە لایەن وەزارەتی بەرگرییەوە، زانیاریی بە کۆنگرێس دا. بەوپێیە، ئەمەریکا بە بەهای2.2 ملیار دۆلار، 108 تانکی ئابرامزی M1A2T و250 مووشەکی ستینگەر بە تایوان دەفرۆشێت.
هاوکات ئەو پاکێجە بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی و ئوتۆمبێلی زرێپۆشی جۆری هەرقل و بارهەڵگری جەنگی لەخۆدەگرێت. بەپێی ئەو زانیارییانەی بە کۆنگرێس دراوە، فرۆشتنی ئەم چەک و تەقەمەنییانە بە تایوان توانای بەرگریی ئەو وڵاتە بەرزدەکاتەوە و جەختکراوەتەوە کە هاوسەنگیی سەربازیی ناوچەکە ناگۆڕێت. جێی باسە ماوەیەکی درێژە ئەمەریکا چەک بۆ تایوان دەستەبەردەکات. ئەمەریکا هەرچەندە دانی بەم وڵاتەدا نەناوە، بەڵام بەئامانجی بەرگریی، چەکی پێ دەفرۆشێت. حکوومەتی پەکینیش هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تایوان بەشێکە لە خاکی چین.
لە کاردانەوەی ئەم هەنگاوەی ئەمەریکاشەوە وەزارەتی دەرەوەی چین ڕایگەیاند کە بەتوندی نیگەرانن لە ڕەزامەندی ئەمەریکا بۆ فرۆشتنی چەک بە تایوان. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، گینگ شوانگ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە پەکینی پایتەخت هەڵسەنگاندنی بۆ ڕەزامەندی ئەمەریکا کرد بۆ فرۆشتنی چەک بە تایوان بە بەهای دوو ملیار و 200 ملیۆن دۆلار.
گینگ شوانگ گوتی: ئەمەریکا، بە فرۆشتنی چەک بە تایوان بە شێوەیەکی جددی یاسای نێودەوڵەتی و چوارچێوەکانی بنەمای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات، بنەمای تاکە چین بە شێوەیەکی جددی پێشێل دەکات، 'بە شێوەیەکی دیار' دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی چین دەکات و زیان بە بەرژەوەندییەکانی سەروەری و ئاسایشی چین دەگەیەنێت. چین بە شێوەیەکی توند نیگەرانە لەوە و پێداگرانە دژی دەوەستێتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تایوان پارچەیەکی دانەبڕاوە لە چین و هۆشداریدا و گوتی: نابێت هیچ کەسێک ئیرادەی بەهێز و پێداگریی متمانە بەخۆبوونی حکوومەت و گەلی چین بەئاسان وەرگرێت بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکەکەی و وەستانەوە دژبە دەستوەردانی بیانیی. گینگ شوانگ گوتیشی: چین داوا لە ئەمەریکا دەکات پابەندی بنەمای تاکە چین بێت، هەرچی زووە پلانی فرۆشتنی چەک بە تایوان هەڵبوەشێنێتەوە و پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ تایوان ڕاگرێت.



پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی ستەمکارانەی لەبارەی ڕۆژنامەنووسانەوە دەرکرد

پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی لەبارەی ڕۆژنامەنووسانەوە دەرکردو ڕۆژنامەنووسانیش پێیان وایە "بڕیارێکی ستەمکارانە"یە. ئەمیندارێتیی گشتیی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە، پێویستە ئیدی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە باڵەخانەی پەرلەمان ڕوومالّی کۆبوونەوەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرلەمانتاران دەکەن، چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر بێ و بۆینباغ ببەستن. ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق بووەتە هۆی نارەزایی ڕۆژنامەنووسان و پێیان وایە "بڕیارێکی ستەمکارانە "و پێشێلکردنی ئازادیی ئەوانە. ئەمیندارێتیی گشتیی پەرلەمان هۆکاری ئەو بڕیارەی بۆ پۆشینی جلوبەرگی "نەشیاو "لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، گەڕاندووەتەوە.

سەرۆکی گشتیی جەهەپە، کەمال کلّچدارئۆغلّۆشیان لەنێودایە

تورکیا... دۆسیەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لە 10 پەرلەمانتاری هەدەپە و جەهەپە ڕەوانەی پەرلەمان کرا

- دۆسیەی پارێزبەندی 10 پەرلەمانتار کە سەرۆکی گشتیی جەهەپە، کەمال کلّچدارئۆغلّۆشیان لەنێودایە، پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیا کرا. ئەو پەرلەمانتارانەی لەگەڵ کلّچدارئۆغلّودا دۆسیەکانیان ڕەوانەی لیژنەی دەستوور و دادی پەرلەمانی تورکیا کراوە بەم شێوەیەیە: پەرلەمانتاری ئەنتاڵیای هەدەپە، کەمال بولبول و پەرلەمانتاری سێرت هەدەپە، مەرالّ دانش بەشتاش و پەرلەمانتاری دێرسمی هەدەپە، عەلیجان ئۆنول و پەرلەمانتاری ئورفای هەدەپە، عومەر ئۆجەلان و پەرلەمانتاری ئورفای هەدەپە، ئایشە سوروجو و بریکاری سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا، ئۆزگور ئۆزەل و پەرلەمانتاری ئیستانبوڵی جەهەپە، ئۆغوز کان سالّجی و پەرلەمانتاری بوردوری جەهەپە، مەهمەت گۆکەر و پەرلەمانتاری ئۆردوی مەهەپە، جەمال ئەنگینیورت.

ئێران لەبارەی کەشتییە نەوت هەڵگرە دەستبەسەرگیراوەکەیەوە هەڕەشە دەکات



سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران، محەمەد باقری ڕایگەیاند، بەڕەپەرچی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوت هەڵگری وڵاتەکەی لە لایەن بەریتانیاوە لە گەرووی جەبەل تاریق دەدەنەوە.
ئاژانسی هەواڵیی تەسنیم بڵاویکردەوە، محەمەد باقری لە میانی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکدا لە تارانی پایتەخت، دەستبەسەرداگیرانی کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئێرانی لە لایەن بەریتانیاوە لە جەبەل تاریق بە کارێکی دوژمنکارانە ناوبرد.
سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران ڕایگەیاند کە بەڕەپەرچی هەر هەوڵێکی دوژمنکارانە دەدەنەوە و گوتی: دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەک کە نەوتی ئێرانی هەڵگرتووە، بێ وەڵام نامێنێتەوە. لە کات و شوێنی گونجامدا وەڵامی ئەم سووکایەتییە دەدرێتەوە.
حکوومەتی خۆسەریی جەبەل تاریق سەربە بەریتانیا، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو دەستی بەسەر کەشتییەکدا گرت کە گوایە نەوتی بۆ سووریا گواستووەتەوە. ئێرانیش ڕەتی دەکاتەوە کەشتییەکە نەوتی بۆ سووریا گواستبێتەوە.

کونسلا ئێکەتیا ئەوروپا بو دوو سالێن دێ بەردەوامیێ دەینە هاریکاریێن خو



خەبات ـ دهوک: فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا خانم کلارێس باستوری کونسلا ئێکەتیا ئەورپا ل هەرێما کوردستانێ وشاندێ دگەلدا کر. دهڤدیتنەکێدا ب ئاماژەبونا ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران بەحسێ رەوشا پارێزگەها دهوکێ و رەوشا ئاوارە و پەنابەران ل ناڤ و دەرڤەی کەمپان ل سنورێ پارێزگههێ و ئەو کار و خزمەتا بو دهێتە پێشکێشکرن ب ڕێکا پارێزگههێ و جڤاکێ دەولەتی هاتە کرن. دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ بەرنامێن ئێکەتیا ئەورپی یێن پێشئێخستنا کەرتێ ساخلەمیێ و گەشەپێدانا جڤاکی تایبەتی ئەو پشتەڤانیا ئێکەتیا ئەروپی ب ڕێکا بەرنامێن مەداو بو کەرتێ ساخلەمیێ پێشکێش دکەت هاتە کرن. کونسلا ئێکەتیا ئەورپا تەکەزکر کو بەرنامێن وان ماوێ دوو سالێن دن دێ هێتە کاراکرن.

پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ناڤبری دیارکر و سوپاسیا ئێکەتیا ئەوروپی کر کو ل سالێن بوری پشتەڤانیا چەندین پروژێن گەشەپێدانا جڤاکی وکەرتێ ساخلەمیێ کریە و خواست کو ئێکەتیا ئەروپی بەردەوامیێ بدەتە بەرنامێن خو بو ئاوارە وپەنابەران و خوجهێن دەڤەرێ و بەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هەڤکاریەکێ.

هەژی گوتنێ یە ئێکەتیا ئەورپی ب ڕێکا بەرنامێن مەداد پشتەڤانیا چەندین پروژێن گەشەپێدانا جڤاکی وکەرتێ ساخلەمیێ ل دهوک و ئاکرێ و چەند کەمپان و جهێن دی کریە و بریارە بو ماوێ دوو سالێن دن بەردەوامیێ بدەتە وان بەرنامەیان.

بەرپرسی لقی دوو ڕێز لە پۆلیسێک دەگرێت



بەرامبەر دەستپاکی و هەڵوێستی مەردانەیان، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە پۆلیسێکی پاسەوانی سنوور گرت بەرامبەر گەڕاندنەوەی10 ملیۆن دینار بۆ خاوەنەکەی.

ئەمڕۆ سێشەممە 9ی تەممووزی 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچە و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی منارە،پێشوازی لە پۆلیسی پاسەوانی سنوور دیار ئیبراهیم حوسێن کرد. لەو دیدارەدا،بەرپرسی لقی دوو دەستخۆشی گەرمی لە دیار ئیبراهیم کرد بەرامبەر ئەو هەڵوێستە مەردانەی نواندویەتی لە گەڕاندنەوەی 10 ملیۆن دینار بۆ خاوەنەکەی و گوتی:"ئەو هەڵوێستە نموونەی ئەوپەڕی دەستپاکیە،هاوکات بە ناوی خۆی و کارگێڕانی لق،لۆگۆی ڕێزلێنانی پێ بەخشی،ئومێدی کرد وەک هەمیشە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پۆلیس و ئاسایش و دامەزراوەکانی دیکە،پارێزەری سەر و مالی هاوڵاتیانی کوردستان بن. — لە بەرامبەردا،دیار ئیبراهیمی پۆلیسی پاسەوانی سنوور سوپاسی ڕێزلێنانەکەی لقی دووی کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەو تەنها ئەرکی نیشتیمانی و وەزیفی خۆی جێبەجێ کردووە لە پاراستنی مالی هاوڵاتیان،گوتیشی:"ویژدانم ئاسوودەیە کە توانیم پاش هەوڵێکی زۆر،خاوەنی ئەو10 ملیۆن دیناڕە بدۆزمەوە کە پارەکەی لێ ون بوو،وەکی خۆشی پارەکەی پێ بدەمەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

هەڤالی بەڕێز خاتوو نیشتمان سلێمان

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی باوکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (سلێمان حاجی ئەحمەد). بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و هەڤالانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

وەزیری ئەوقاف لەگەڵ موفتی و مورشیدان و فەرمانبەرانی کارگێڕی حەجی ئەم ساڵ کۆبۆوە



سێشەممە 2019/7/9 د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەئامادەبوونی شێخ قاسم بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە لەگەڵ موفتی و مورشیدان و فەرمانبەرانی کارگێڕی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەوانەی سەرپەرشتی پرۆسەی حەجی ئەمساڵ 2019 دەکەن کۆبوەوە. لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف بەخێر هاتنی هەموو لایەکی کردو رایگەیاند کە پشتیوان بەخوای گەورە هەموو ئامادەکاریەکانی پرۆسەی حەج کۆتایی هاتووە، ئەوەی کە لەهەموو گرنگ تر ئەوەیە کە پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەت لە وولاتی عەرەبستانی سعودیە لە خزمەت حاجیانی کوردستان بن و یارمەتی دەرو هاوکاریان بن هەروەها پێویستە موفتی و موردشیدانی ئایینی بەهەموو توانایەکەوە لەخزمەت جێ بە جێ کردنی ئەرکە ئایینەکاندا هاوکاری حاجیان بن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پرسیارو بابەتی شەرعی ئایینی و روونکردنەوەی روکن و ئەرکە شەرعیەکانی پرۆسەی حەج و یەکخستنی فتواو ئەرکە کان، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی رایگەیاند کە لەپرۆسەی حەجی ئەمساڵ سیستەمی هەڵسەنگان و ڕێکاری ئیداری بەرامبەر هەر فەرمانبەرێک دەگرێتە بەر بۆیە پێویستە ئەوپەری تونا بخەنە گەڕ بۆ جێ بە جێ کردن و پێش کەش کردنی باشترین خزمەت بە حاجیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەش وەزارەت دەست کراوە دەبێت لەهەر پێویستی و یارمەتی و پشتیوانیەک.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم:

حکوومەتی عێراق 15 ملیار دیناری پارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیارانی نارد

جووتیارانی کوردستان: خۆزگە حکوومەتی عێراق وازی لەو جیاکاریە دەهێنا و ئێمەی چیتر فەرامۆش نەدەکرد



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ماوەی چەندین ساڵە حکومەتی عێراق ناهەقی بەرامبەر بە جووتیارانی کوردستان دەکات و گرنگی بە ناردنی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نادات و جووتیارانی کوردستانیش گلەیی و گازاندە لە حکومەتی عێراق دەکەن کە بۆچی هەرێمی کوردستانی فەرامۆش کردووە و ئەوان دەڵێن پارەی چەندین ساڵی پێشووی جووتیارانی کوردستانی نەناردووە.

مام عەلی جووتیارێکی ناوچەی کەندێناوە بوو گووتی: حکومەتی عێراق جیا کاری لە نێوان جووتیارانی شارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان دەکات و ئێمەی جووتیارانی کوردووەو ناهەقی فەرامۆش کردووە بەرامبەر ئێمە دەکات.

مام ساڵحی جووتیاریش بەهەمان شێوە گلەیی هەبوو گووتی: حکومەتی عێراق پارەی چەندین ساڵی نەناردووە بە بێ هۆکارو غەدر لە جووتیارانی کوردستان دەکات.

حوسێن جووتیارێکی دیکەی ناوچەی مەخمووربوو گووتی: کەی ئەو جیاکاریەی حکومەتی عێراق کۆتایی دێت تاکەی جووتیارانی کوردستان فەرامۆش دەکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها حکومەتی عێراق غەدرمان لێ دەکات.

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم گووتی: دیارە حکومەتی عێراق بەشی یەکەمی پارەی گەنمی جووتیارانی نارد وە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو دەست بە دابەشکردنی دەکرێت و بریتییە لە بڕی 15 ملیار دینار پارەی ئەمساڵی گەنمی جووتیارانەو بڕیار وایە لە چەندین هەفتەی داهاتوودا بەشەکانی دیکەی پارەکە ڕەوانە بکات.

شایانی باسە ئەمساڵ بڕی 340 هەزارتۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوەو حکومەتی عێراق زۆر بەسستی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان ڕەوانە دەکات و لەدوای هەفتەیەک پارەکە بە جووتیارانی شوێنەکانی دیکە دەدرێت بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان مانگێکی پێ دەچێت و جیاکاری لە نێوان جووتیارانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق دەکات و پارەی جووتیارانی شارەکانی عێراق زووتر دابەش دەکرێ و چەندین جار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق قسەمان کردووەو بەڵێنەکانی خۆیان جێ بەجێ ناکەن

بۆ ساڵی چوارەم ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان ڕادەگەێندرێت

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ساڵی چوارەم ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان ڕادەگەێنێت.

لێژنەی باڵای ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایدەگەیەنێت: ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان یەکێک لەپرۆژە گرنگ و کاریگەرەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لە ماوەی ڕابردو کاریگەری زۆری خستۆتە سەر پێشکەوتنی زانکۆکان و، ئاشناکردنی زانکۆکان بەکۆمەلێک بەهای نوێ.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتوە: لەئێستادا کاروبارە تەکنیکی و تایبەتەکانی پەیوەست بە ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان بەشێوەیەکی سەرکەوتو بەڕێوەدەچێت و واش بڕیارە ئەمسالیش لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول بۆ جاری چوارەم ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان ڕابگەیەنرێت.

لێژنەی باڵای ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان دوپاتیشی دەکاتەوە: پرۆسەی ڕیزبەندی زانکۆکان پشت بە (7) پێوەری سەرەکی و، (47) پێوەری لاوەکی دەبەستێت، جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان گۆڕانکاری زۆر گرنگی لەگەڵ خۆی هێنا، کلتوری کێبڕکێی زانستی تۆخکردەوە، پێوەر و ستاندارد و کلتوری نوێی هێنایە ناو ئەزمونی ئەکادیمیای کوردستان.

کەسێک بە تۆمەتی دزیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند: شەوی ڕابردوو لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنی ڕانیە کەسێک بە ناوی د. و تەمەن 32 ساڵ بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیر کرا و پاش هەواڵەکردنی بۆ بەشی نهێشتنی تاوانی ڕاپەڕین لە ڕانیە و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دانی ناوە بە تاوانەکەیدا و دانی ناوە بەوەی کە ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوە. ڕاشیگەیاندووە: دواتر و بە بڕیاری دادوەر لە ماڵەکەیدا دەستگیرا بەسەر چەندین کەلوپەلی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕێکخرا، لە ئێستادا بە ماددەی 446 لە یاسایی سزادانی عێراقی ڕاگیراوە و دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی بەپێی مادەی14 لە یاسایی سزادانی ماددە هۆشبەرەکان بۆ کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.


لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا 3 کەس گیانیان لەدەستدا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاوی کردەوە، لەئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەناو ناحیەی بازیان، سێ کەس گیانیان لەدەستداو دووانی دیکەش بریندار بون. پۆلیس دەشڵێت پاش گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمە فریاگوزارییەکان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کران و تەرمەکانیش گەیەندرانە پزیشکی دادوەریی سلێمانی.

ڕاشیدەگەیەنن ، لەلایەن بنکەی پۆلیسی بازیانەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کرایەوەو لێکۆڵینەوەکان دەستیانپێکردووە.

سێ ڕۆژ پێش ڕووداوەکە ئەڵقەی هاوسەرگیریی گۆڕی بووەوە

گەنجێک 7 ڕۆژە کەوتۆتە زێی گەورە و تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە



ڕۆژی هەینی 2019/7/5 گەنجێکی کۆمەڵکەی کەورگۆسک لە زێی گەورە لە قەزای خەبات خنکا و تا ئێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. لەو بارەیەوە مەسعود مەلاقەرەبی کە خزمی گەنجەکەیە بە خەباتی گوت: خەلیل شاکر عەلی لە دایک بووی ساڵی 1994 و دانیشتووی کۆمەڵگەی کەورگۆسکی نزیک هەولێر کەوتە زێی گەورە لە قەزای خەبات و تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، وێڕای ئەوەی ژمارەیەک خۆبەخش و لە هەولێ دۆزینەوەی تەرمەکەدا بوونە پۆلیسی ناوچەکەش لە ئامادەن، بەڵام تا ئێستا ئەنجامێکمان دەست نەکەوتووە. ئەوەیشی گوت: خەلیل شاکر سێ ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە ئەڵقەی هاوسەرگیریی گۆڕیبووەوە.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/10 ژمارە (5786)

لەلایەن زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی

لە مەراسیمێکدا 110 پێشمەرگەی بریندار شەڕی داعش ڕێزیان لێنرا



بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو بەرپرسانی سەربازی و حکومی و حزبی، زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی لە هەولێر، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ 110 پێشمەرگەی بریندارانی شەڕی داعش ئەنجامدا.

سەرەتای مەراسیمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و و خولەکێک ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد، دواتر دکتۆر ساقی بارزانی سەرۆکی زانکۆی ستراتفۆردی لە وتەیەکیدا وتی، ئێمە وەک زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی لقی هەولێر، شانازی دەکەین ڕێز لەو پێشمەرگە ئازیزانە بگرین کە بە ئازایەتی خۆیان ئاسایش و سەروەری هەرێمی کوردستانیان پاراست و بە گیانی خۆیان بەرگرییان لە خاک و نەتەوەکەیان کردو نەیانهێشت کاروانی ئازادی و پێکەوەژیان ڕابوەستێ. ئەم ڕێزلێنانە تەنها دەربڕینی وەفایەکی بچوکە بەرامبەر پێشمەرگەو ئەو بریندارانەی لە شەڕی داعش بەرگریان لە گەلەکەیان کرد. هەروەها وتیشی، ئەو پێشمەرگانەی کە برینداربوون لە شەڕی داعش ، ئەوان شەهیدی زیندوون؛ ئەوان بە هەست و گیانی مرۆڤدۆستانەو نیشتیمانی و بە ڕەچاوکردنی بنەما یاسایی و ئەخلاقییەکان بەرگرییان کردو دژی تیرۆریستانی داعش جەنگان.

پاشان، محەمەدی حاجی مەحمود تێکۆشەری دێرین و فەرماندەی باڵاو بریندارای شەڕی داعش، وتەیەکی پێشکەشکرد و، لە بەرایی وتەکەیدا، سوپاسی زانکۆی ستراتفۆردی کرد بۆ ئەو هەڵوێستەیان کە ڕێز لە بریندارانی شەڕی داعش دەگرن، لە بەشێکی تری وتەکەیدا وتی، گەلەکەمان میژوویەکی درێژی هەیە لە خەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادی و سەرفرازیدا، بەڵام شەڕی داسەپاوی داعش بەسەر گەلەکەماندا جیاوازی هەیە، چونکە بە دڕندەترین شێوە پەلاماریان هێناو ڕێکخراوێکی مونەززەم پڕ چەک بوون و هەموو بەهایەکیان پێشێل کردو هەموو تاوانێکیان ئەنجامدا، پەلاماری ئەوان لە کاتێکدا بوو کە پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان سەرقاڵی ئاوەدانی و ئاسایش و پێکەوە ژیان بوون، بەڵام پێشمەرگە بە ئیمکانیاتێکی کەم توانیان ڕووبەڕووی ئەو هێزە پڕ چەک و تووندڕەوە ببنەوە کە پێشتر سەدا پەنجا خاکی سوریاو سەدا چل خاکی عێراقیان داگیرکردبوو، زیاتر لە90 هەزار چەکدار هێزەکانی عێراقیان چەک کرد لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، بەڵام هێزی پێشمەرگە بە ئیمکانیاتێکی کەم توانیان ئەو هێزە ڕێکخراوە پڕ توانایە ڕابگرن و بە باوەڕ بەخۆبوون و ئیرادەیەکی بەهێزەوە بە پاڵپشتی جەماوەری کوردستان و سەرکردایەتی و فەرماندەیی ڕاستەخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەو دۆزمنەیان شکاندو شکستیان پێهێنا.

هەروها محەمەدی حاجی مەحمود لە وتارەکەیدا وتیشی، لە شەڕی داعش دا یەکەمجار بوو کە زیاتر لە 60 دەوڵەتی جیهان لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان ڕێکەوتنیان کرد و بووینە هاوپەیمان و هاوسەنگەر دژی تیرۆریستانی داعش و ئەو شەڕە سەختەی هەڵیانگیرساندو هەڕەشەیان لە ئاسایشی ناوچەکەو جیهانیش دەکرد، بەڵام بە ئازایەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە تێکشێندران، ئەمەش میژوویەکی پڕشانازی و سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ پێشمەرگەو گەلەکەمان.

دواتر لەلایەن فەرماندەو بەرپرسانی ئامادەبوەوە چەند وتەیەکی تر پێشکەش کران، لە کۆتاییشدا دەستکرا بە دابەشکردنی خەڵات و ڕێزلێنانەکان بەسەر پێشمەرگە بریندارەکاندا.

هەرێما کوردستانێ ب هەمی دەسکەفتی سەرەوەری و ئازادیا بخوەڤە بەرهەمێ خوینا شەهیدانە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک و ب ئاماددەبونا بەرپرسێ نڤیسینگەها شەهیدان لسنورێ لیژنا ناوچا کوماتە دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبو، ئیک ژ وان ئەرکێن هەری پیروز ئەوە کو مروڤ خزمەتا مالباتێن شەهیدان بکەت ئەڤە پتر ژ دوو سالانە وەکو لقا ئێک و لدیڤ ئاموژگاری ڕاسپاردەیێن سەروک بارزانی نە ژ بۆ خزمەتکرنا مالباتێن شەهیدان کو ئەم شیاینە هاریکارێن دراڤی لسەر وان پارڤەکەین و دگەل چارەسەریا نەخوشێن وان بکەن، هەر چ یا بۆ بهێتەکرن هەر کێمە چونکی وان مالباتان ڕوحا ب قیمەتا کورێن خوە پێشکێشی ڤێ ئاخێ کرینە دا کو ئەم هەبین، ژلایێ خوەڤە مالباتێن شەهیدا سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرژ بۆ ڤێ پشتەڤانی و پیتەدانا وی لهەمبەر مالباتێن شەهیدا و ئەڤە ژی جهێ ڕێز و حورمەتا مەیە.

پاش 3 مانگ ڕێگەی حەمرین کرایەوە

خەبات/ سەریە یوسف

پاش سێ مانگ لەداخستنی ڕێگەی نێوان خانەقین و دیالە لەسەر دەریاچەی حەمرین کرایەوە. ئەحمەد زرگووشی، بەرێوەبەری شارەدێی سەعدیەی سەربە شارۆچکەی خانەقین، بەخەباتی ڕاگەیاند" پاش 3 مانگ لە بڕینی ڕێگەی حەمرین لەنێوان شارۆچکەی خانەقین و پارێزگای دیالە ، ئێستا وا بڕماوەی هەفتەیەکدەبێ ڕێگەکە بەو چەورێژکردن کراوەتەوە.

گووتیشی، بۆ قۆناغی دووەم بەگرنگی دەزانین کە ڕێگەکە هاوشێوەی پێشتر قیرتاو بکرێ چونکە ڕێگەیەکی سترتیژی گرنگە لە هەرێمی کوردستان وعێراق.

بەرێوەبەریشارەدێی سەعدیە ڕاشیگەیاند: ماوەی 3 مانگە شۆفێران ئاستەنگی زۆریان هاتۆتەپێش بەهۆکاری داخستنی ئەو ڕێگەیەوە.



وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێز لە عەبدوڵڵا برادۆستی دەگرێت

د. سالار عوسمان: ڕێزگرتن لە برادۆستی، ڕێزگرتنە لە نیوسەدە بەخشش هونەری



لە میانی ڕێزگرتن لە بەخششە کلتووریەکان، دوێنێ د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەیاوەری شاندێکی وەزارەت لە شوێنی کارەکەیدا، لە تۆمارگای ئیخلاس ڕێزی لە عەبدوڵڵا برادۆستی گرت، کە نیوسەدەیە لە بواری ئەرشیف و تۆمار و پاراستنی گۆرانی ڕەسەنی کوردیدا خزمەتی کردووە و جێ پەنجەی دیارە لەو بوار و بیاقە هونەرییەدا. بریکاری وەزارەت لە کاتی بەخشینی ڕێزلێنانەکە، ئاماژەی بۆ ڕۆڵی پڕ بەخششی عەبدوڵڵا برادۆستی و تۆمارگای ئیخلاس کرد، تایبەت لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، کە چۆن توانیویەتی خزمەتی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بکات و سەرجەم ئەو بەرهەمانەیش بپارێزێت . شاندی وەزارەت گوڵی ڕێز و وەفا و خۆشەویستیان پێشکەشی بە عەبدوڵڵا برادۆستی ـ ی هونەرپەروەر و ئەرشیفساز کرد و هیوای تەمەنی درێژ و بەخششی زیاتریان بۆ خواست.

دهۆک.. تا ئەمڕۆ 74 هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوە

لە سنووری دهۆک تا ئێستا زیاتر لە 74 هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوە، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی گەنم و جۆش لە پارێزگای دهۆک دەڵێ، تا گەنمی جووتیارێک مابێت، وەرگرتنی گەنم بەردەوام دەبێت. نازم محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی گەنم و جۆ لە پارێزگای دهۆک، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: "لە 6/13 لە هەر سێ سایلۆی شێخان، زاخۆ و فەیدیێ دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران کراوە، تا ئەمڕۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بەردەوامە، لە فەیدیێ، 24 هەزار و300 تۆن، سایلۆی شێخان31 هەزار و 200 تۆن، سایلۆی زاخۆ 18 هەزار و 750 تۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوە، کە کۆی گشتیی ئەو گەنمەی تا ئێستا لە سنووری پارێزگای دهۆک لە جووتیاران وەرگیراوە، 74 هەزار و300 تۆنە".

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی گەنم و جۆ لە پارێزگای دهۆک گوتیشی: "وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بەپێی ئەو فایلانەیە کە لە بەغداوە بۆمان هاتوون، تا جووتیارێکیش مابێت کە ناوی لەناو فۆرمەکەدا بێت، گەنمەکانیان وەردەگرین".

نازم محەمەد، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "ڕێژەی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردستان بە 340 هەزار تۆن دیاری کراوە، ئەوەش دابەش کراوە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا، دهۆک 112 هەزار تۆن، هەولێر 100 هەزار تۆن، سلێمانی 80 هەزار تۆن، هەڵەبجە 28 هەزار تۆن و گەرمیانیش 20 هەزار تۆن".

پەرلەمانی کوردستان کار لەسەر زیادکردنی مووچەی تۆڕێک دەکات

ئەندامێکی لێژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی لە پەرلەمانی کوردستان ڕای دەگەیەنێت، یەکێک لە سەرەتای کارەکانمان لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆ بەدواداچوونە لەسەر بڕینی مووچەی ئەو 15 هەزار خاوەن پێداویستییە تایبەتییانەی لە کابینەی پێشوو کراوە. زانا مەلا خالید، ڕایگەیاند: دوو بەرنامەی تایبەتمان بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان هەیە ، یەکەم هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانیان، هەرچەندە ئەرکی وەزارەتی کارووکاروباری کۆمەڵایەتی بووە وەک لایەنی جێبەجێکار پەیڕەوی بکات، بەڵام جێبەجێی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی لابراوە و موچەی بڕاوە. ئەوەشی خستە ڕوو، کە گۆڕانکاری لەو لێژنەیە کراوە کە پێشتر لەنێوان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی پێکهێنراوون، چاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتین، لە دەستپێکی کارەکانی بەدڵنیاییەوە لە ڕێی ئەو لێژنەیەوە بەدواداچوونی وردتر لەو بابەتە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی پشکنین دەیانگرێتەوە موچەیان بۆ خەرج بکرێتەوە، ئەو کەسانەشی کە گومانیان لە ئەنجامی پشکنینەکانیان هەیە بێن پشکنین لەو لێژنەیە بکەنەوە.

تایبەتەکان تێبینی زۆریان لەسەری هەیە ، لێژنەیەکمان بۆ ئەو بابەتە پێکهێناوە و سەرلەبەری یاساکە بۆ هەمواکردن دادەڕێژنەوە بۆ وەرزی دووەمی پەرلەمان ئامادەی دەکەین. هاوکات بڕینی مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی خستە ئەستۆی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و گوتی: وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێش کشانەوەی یەکگرتوو لە کابینەی هەشت، بڕیاری بڕینی مووچەی 15 هەزار خاوەن پێداویستی تایبەتی داوە و مووچەکەی بڕین، بەبیانووی ئەوەی لێژنە پێکهێنراوە و نایانگرێتەوە، ئێمە بەڵگەمان لایە کە خەڵک هەبووە هەردوو ڕاشیگەیاند: ئێمە وەک یەکێتیی مامۆستایان وەفادار دەبین بەرامبەر بەو کەسایەتیانەی کاریان لەگەڵ کردوین، ئەواشیان خواست لە ئەرکی نوێیدا سەرکەوتوو بێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا، د. موصلح دهۆکی سەرۆکی زانکۆی دهۆک، ڕایگەیاند: ئەو قۆناخەی د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا بووە هەنگاو و پڕۆژەی گرنگ بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لە زانکۆکان جێبەجێ و، ڕەنگدانەوەی زۆریشی لەسەر ئاستی پێشکەوتنی زانکۆکان و فروانکردنی ئاستی پەیوەندییەکانی زانکۆکان هەبووە.

لە بەرامبەردا، د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوای بەخێرهێنانی وەفدی میوان، سوپاسی ستایش و هەڵسەنگاندنەکانی کرد و ڕایگەیاند: لەماوەی کابینەی هەشتەمەدا بە جێبەجێکردنی کار و پڕۆژە جیاکان هەوڵماندا و توانیمان سیستمێک بۆ خوێندنی باڵا دروست بکەین، کە کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن هەبووە.

د.یوسف گۆران ڕایگەیاند: ئاستی پەیوەندییەکانی زانکۆ و فاکەڵتی و پەیمانگاکان لە ئاستێکی باشدا بووە، ئەوەش بەهۆی ئەو کۆبونەوە ڕێکخراوانەی کە لەگەڵ زانکۆکان ئەنجامدراون، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە ئەو ڕێکارانەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆبونەوانە دەکرێن، زۆر جار بەهۆی ئەو ڕێکارانەوە کۆبونەوەکان دوادەکەون و ناتوانرێت بەو شێوەیە ئەنجام بدرێن کە پێویستە.

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ستایشی کار و پڕۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات

وەفدێکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەسەرۆکایەتی مامۆستا عەبدولواحید محەمەد سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبونەوە.

لەو کۆبونەوەیەدا، گفتوگۆ لەسەر کاروچالاکیەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا.

لەو چوارچێوەیەدا، مامۆستا عەبدول واحید محمد سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەناوی سکرتاریەت و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان سوپاسی د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیکرد بۆ ئاستی پەیوەندییەکانیان و کردنەوەی دەرگای وەزارەت بەڕوی یەکێتیی مامۆستایان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەگرنگیەوە باسی لە کار و پڕۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لە زانکۆکان هەبووە، وتیشی لە ماوەی پێنج ساڵەی ڕابردودا سەربارای کێشەکان، ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە کوردستان لەماوەی کابینەی هەشتەم بەدۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ بوو.

لە کۆتایی قسەکانیدا، سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دڵگرانی و نیگەرانی خۆیان پیشاندا بەهۆی کۆتاییهێنان بەئەرکەکانی د.یوسف گۆران وەک وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان وەک وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هاوکار و هەماهەنگی سەرەکیمان بوون، بۆیە سوپاسی سکرتێر و سەرجەم ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکەم، چونکە ئەگەر پاڵپشتی ئێوە نەبوایە لە سەردەمی قەیران پڕۆسەی خوێندن ڕادەوەستا ، بەڵام ئێوە بونە کەناڵێکی گرنگی پەیوەندی نێوانمان، کە پەیام و کار و پڕۆژەکانی ئێمەتان بەدروستی دەگەیاندە مامۆستایان.

پەیمان بەرزنجی:

بە شیعر ئازارەکانی نیشتمان سارێژ دەکەم





ساسان دەروێش/ لەندەن

لاپەڕە گەش و جوانەکانی میژووی ئافرەتانی کورد، لێوان لێون لە تێکۆشان و داکۆکیکردن لە نیشتیمان کە لە هەموو کایەکانی ژیاندا جێگا دەستیان دیاربووە و وەک ئەستێرەیەکی گەش ناویان لە ئاسمانی کوردایەتیدا ئەدرەوشێتەوە. خاتوو پەیمان بەرزنجی یەکێک لە ئەندامانی دێرینی ڕێکخستنە نهێنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنوری سلێمانی لە ساڵی 1984کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991لە لەندەن پەناهەندە بوون. هەڵگری بیروباوەڕی پارتی و بارزانی کە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی دەبێت و هەمیشە لەگەڵ یادەوەرییە شیرین وتاڵەکانی دەژی. گیرسانەوەشی لە بەریتانیا ویستی خۆی نەبوو بەڵکو قەدەری ناتەندروستی وخۆگەیاندنە نەخۆشخانەکان بوو بۆ چارەسەر، نەیزانی تەنیایی سالانێکی زۆری پڕ لەخەم دابەش دەکات لەگەڵ خۆشەویستی دوورە وڵات. شاعیرێکە کە لە بەرهەمەکانی جوانی وڵات و خۆشەویستی تیا بەدیدەکرێ و پڕە لەو ئازارانەی کە بە سانایی سارێژ نابن. پەیمان بەرزنجی پێش 20ساڵی تەمەن بارگەی خۆشەویستی دنیایی هۆنراوەکانی گەیاندە پایتەختێکی سارد و گەرم لەندەن، لە سەرهەمان هێز و بیروباوەڕی جارانی کە پێیەکی لە شار بوو پێیەکەی تری لە نێو پێشمەرگە بوو. خاوەن دوو بەرهەمی چاکراوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیان و بەسەرهات و بەرهەمی شیعری خاتوو پەیمان بەرزنجی ئەم دیمانەیمان لەگەڵ سازکرد.

*** لەکەیەوە هۆزری نیشتیمانپەروەری و خەباتی کوردایەتیت کرد بە هێمایەک بۆ ژیانت؟**

ـ کاریگەری دەوروبەرو خانەوادە وایلێکردم هەر زوو هەست بە بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی بکەم و هەر ئەو هەست و ڕۆحە بووە هۆی ئەوەی پەرە بە ڕۆشنبیری خۆم بدەم و ڕێگای هۆزری نەتەوایەتی هەڵبژێرم لە ڕێبازیی پیرۆزی بارزانی، ئەدەب و کلتووری کوردی بکەم بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی وڵاتەکەم لەم غوربەت و دووری نیشتمانە کە وشە بکەم بە تاجەگوڵینە و پێشکەشی بکەم .

*** شیعر لە لای خاتوو پەیمان چی دەگەیەنێت؟**

ـ شیعر لای من موقاوەمەتە بۆ بەرەنگاربوونەوە. ئەو زوڵم و ستەمەی کە بە درێژایی میژوو لە خاک و نەتەوەکەم کراوە، بە شیعر هەستی خۆم دەردەبڕم بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی هەموو گرێ کوێرە وخەمەکان لە هۆنینەوەیان دەیکەمە ئەو تابلۆییەی کە هەمیشە لە ناوچاوی دوژمندا وون نەبێت، دەیکەمە ئەو دەنگەی کە لە گوێی نەیارانی کوردستاندا بۆ هەمیشە دەنگ بداتەوە. شیعر بۆمن هاوڕییەکی ڕاستگۆی ناخمە لە ژووڕە تەنیاکەمدا لە غوربەت کە لەشەقەی باڵ ئەدەن وشەکانم بەبێ ویستی خۆم ناخم پردەکەن لە خۆشەویستی بۆ کوردستان لەپەنا بەرگەی بۆ بەرزانی و قوتابخانەی کوردایەتی و ئافرەت و سروشتی جوان و منداڵ و دایکی شەهید و سەنگەر و ڕووخانی کۆشکی زاڵمانی داگیرکاران و ڕیسواکردنی نەیارانی ڕێبازەکەم.

*** هەموو شیعرەکانت بە باڵای نیشتیمان وتراوە هۆکاری ئەوە چیبە؟**

ـ منیش وەک هەموو کەسێکی ئاسایی لە دەقەرێکدا ئەژیام، لەسەر داکۆکیکردن و لەسەر بیروباوەڕم بوو بوومە سرودێک هیچ ئاوازێک دڵدەی نەئەدە، بۆیە هەڵهاتنم لەوەدا خۆم بەکەم وکوڕ نازانم بەرامبەر نیشتیمان، بڕیارم دا لە ئیرەوە لەدایک ببمەوە بۆ نیشتیمان وکوردستان و ڕێبازەکەم تێهەڵچمەوە کانیاوی وشەی ناخم گوڵە ژاکاوەکانی نیشتیمانی پێ تیرئاو بکەم. ئەوە ناخی منالێمە کە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و بەشدار لە شۆرش گوشکرام و هەمیشە ناخم پردەکەن لە وشە بژیان.

*** غوربەت شیعری لە ناخدا هەژاند بەڵام چی لێ وەرگرتیتەوە؟**

ـ زۆر ڕاستە کانیاوی وشەی لەناخمدا چۆراند و لەجاران بەگوڕتری کردم بۆ بەشداربوونم لە چالاکییەکانی تاراوگە، بەڵام ئەوەی لێوەرگرتمەوە دووری نیشتیمانە.

*** ئاستی دنیای شیعری کوردی لە کوێدا دەبینی؟**

ـ ئەوەی من بیزانم نەتەوەکەی من زۆر زوو بەپێر مەدەنیەتەوە دەچێت و دونیایی شیعری فەرامۆش نەکردوە .

*** لە کۆکراوەی بەرهەمەکانتان هیچ ناميلکەیەکی شیعریتان خستۆتە بەردیدی خوێنەران؟**

ـ بەڵێ لە کۆکراوە وگوڵبژێری شیعرەکانم کەهەریەکیان تام وچێژی خۆیی هەیە لە شێوەکردنی تابلۆیەکی شیعری وگێرانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکانی کوردستان وئاوێتەبوون بە خۆشەویستی نیشتیمان و ڕێبازەکەم خۆیان تیادەبینەوە دووبەرهەمی چاپکراوم هەیە بەناوی "فرمێسکێک لە غوربەتا" وئەوی تریشیان بەناوی "فرمێسک و یادەوەری" کە کۆمەڵێک شیعریان لە خۆگرتوە لە کتیبخانەی کوردیدایە و لەبەر دیدی خوێنەراندایە.

*** لە کاتی بانگەشەکردن بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان زۆر چالاک بووی، لە ئێستاشدا لەسەر هەمان بیرویاوەڕی؟**

ـ بەڵێ، وەک پەیمان لیرەوە ڕایدەگەیەنم وەکو ڕیفراندۆمچییەکی سەرسەخت ئامادەم هەزار جاری تر دەنگ بە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەم کە ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە و هەردەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەڕئەنجامەکانی کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەسەری بڕیاریان دا.

*** پرسی کورد لە تاراوگە لە نیوگۆمەڵکەکاندا بەتایبەتی لە بەریتانیا چۆن دەبینیت؟**

ـ پرسی کورد ئاستێکی گرنگ و بەرچاوی بڕیوە بە تایبەتی لە دوای شەڕی تیرۆریستان کە پێشمەرگە بووە سیمبولی ئاشتی و پاریزگاریکردن لە دژی تیرۆر لە جیهاندا، ئەمەش ناوی کوردی چەسپاند و لە نزیکەوە لە پرسەکانمان تێدەگەن و دەزانن کورد کێیە و بە گشتی ئێمەیان خۆش دەوێت وەک دۆستی خۆیان و هاوکاریکردنیان بۆ پێشمەرگەو ئاشتی بەرقەرارکردن لە ناوچەکانماندا ڕەنگدانەوەی لە میدیاکانیاندا هەیە لە باس وخواستی کورد و دەچنە نێومااڵەکانیان بەمەش کورد زیاتر ناسراوە.

*** لە کۆتاییدا هیچی ترت ماوە بیڵێین؟**

ـ سوپاسی جەنابتان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەتان وەک نوسینگەی خەبات لە هۆڵەندا و ستافی ئافرەتان. پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە هەردووسەرۆکایەتییەکان دەکەم کە دوو گەنجی لێهاتوو و شارەزا دوو پۆستی گرنگ کەوتە دەستیان بۆ بەهێزکردنی کوردستان. بەهیوام لەمەولا زیاتر لەکەسە دڵسۆزەکان بپێچنەوە و بەسەریان بکەنەوە و خەبات و تێکۆشانیان بەچاوی ڕێزلێنان ببینن لەبیریان نەکەن، چونکە ئەوانە کەڕەستەی زیندووی شۆرش بوون کە ئەمڕۆی لێهاتە دی.



پەیمان ڕەشید محەمەد ناسراو بە پەیمان بەرزنجی.. لەدایکبووی شاری کەرکوکی دڵی کوردستانە. باوکی کارمەندبوو لە کۆمپانیایی نەوتی کەرکوک و بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانین و لە شێخەکانن. باوکی ساڵی 1963پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. ساڵی 1984پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی ناوچەی سلێمانی کردووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ڕۆڵی گرنگی بینی لە خزمەتی پارتی و ڕیبازەکەی لە ڕیزەکانی حزب و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. پاش چوونی بۆ هەندەران بە مەبەستی تەندروستی لەو نێوەندەشدا پەیوەندی کردووە بە لیژنەی ناوچەی لەندەن و هاوکاریکردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. وەک چالاکوانێکی کورد لە زۆربەی چالاکییەکانی کوردانی تاراوگە لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و خۆپیشاندان و کۆڕ و سیمینار و ئاهەنگەکان بەشداربووە و خاوەنی دوو بەرهەمی چاپکراوە.

مێرمنداڵان لە چ تەمەنێکەوە دەتوانن بچنە جیهانی ئەنتەرنێتەوە

ئا: نەرمین بازید

جیهانی تەکنۆلۆژیادا هەر ڕۆژێک لە ڕۆژی پێشووتر بەرفرەوان دەبێت و هیچ دوور لە چاوەڕوانی نییە کە سەرەڕای مەترسییەکانی ئەم جیهانە منداڵ و مێرمنداڵان حەز بە بوون لەو جیهانە بکەن. ئەوەی جێی باسە بنەماڵەکان جیا لە نێگەرانییەکان بە جیدی حەز دەکەن بزانن کە منداڵەکانیان لە چ تەمەنێکەوە دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەم جیهانە سوود وەربگرن؟

زۆربەی ڕەواناسان لەو بڕوایە دان کە دەبێت بە دڵنیاییەوە سنوورێک هەبێت و دەڵێن: بەداخەوە لە ئێستادا منداڵان تەنانەت لە تەمەنی 8یان 9 ساڵی لاپەڕەی تایبەتی خۆیان لە ئەنیستاگرام هەیە کە بێشک دەتوانێت زۆر مەترسیدار بێت، چونکە منداڵ زانخوازی هەیە و ئەو تایبەتمەندییە دەتوانێت بیخزێنێتە نێو ئەم جیهانە بەرفرەوان و بێ کۆنترۆڵە و پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک ببەستێت کە زیانی جیدی نەک تەنیا بە خۆی بەڵکو بە خێزانەکەشی بگەیەنێت.

هەروەها باوەڕیان وایە پەیوەندی توندوتۆڵ و نزیکی منداڵ و دایک و باوک دەتوانێت ببێتە چەپەرێکی بەهێز و منداڵ لە ئیستیغلالکردنی کەسانی نەناسراو و زیانەکان بپارێزێت. نزیکی لە پەیوەندی خێزانیدا وادەکات منداڵ دایک و باوک لە هەر هەنگاوێکی ئاگەدار بێت. سپاردەی ڕەواناسانی خێزانی ئەوەیە کە منداڵ بەر لە تەمەنی 15ساڵی لە کاتی پێویستیدا مۆبایلی دایک یان باوکی بەکار بهێنێت یان خاوەن ئەو مۆبایلانە بن کە ئەندرۆیدیان نییە و زیرەک نین، بەڵام پاش ئەو تەمەنە دەکرێت بکاتەوە، ڕاوێژیان پێبکات و لە هەر بارودۆخێک بیرووڕایان وەربگرێت. لە لایەکیتر ئەو پەیوەندییە پتەوە خۆی ڕێگەیەکە کە منداڵ هەموو کاتەکانی لە جیهانی ئەنتەرنێتدا بەسەر نەبات و تێکەڵ خیزان و پلانەکانیان مۆبایلێکی تایبەت بە خۆی بۆ دابین بکەن، بەڵام پێویستە لە ژێر چاودێری بنەماڵە بن و بنەماڵە ئاگەداری هەر جۆرە سایت و یاری و ...تد بن کە مێرمنداڵەکەیان بەکاری دەهێنێت. پاش تەمەنی 18 ساڵی بنەماڵە دەبێت بۆ سەربەخۆبوونی گەنجەکەیان کەمتر را و پێشنیاریان هەبێت. ئەو پسپۆڕانە بە دەرخستنی ئەوەیکە زانخوازی زیاد لە پێویست، نەبوونی بەرپێوەبردنی تەندروست و بڕیاری تەک لایەنە و پڕ لە غرور لەو تەمەنە لەو بابەتانەن کە لە کاتی بەکارهێنانی جیهانی ئۆنلاین زیان بە مێرمنداڵ بگەیەنێت، هەروەها دەڵێن: جیهانی ئەنتەرنێت جیهانێکی سەرنجڕاکێش و ئالۆزە، هەندێ مێرمنداڵ بۆ ئەوەی تەجروبەی سەربەخۆبوون بکەن بنەماڵەکەیان لە ڕووداوەکانی کاتی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت ئاگەدار ناکەنەوە و حەز دەکەن سەربەخۆ بڕیار بدەن، بۆیە پێداگرین لەوەیکە بڵێین مەترسییەکانی جیهانی ئەنتەرنێت هەڕەشە لە مێرمنداڵان دەکات و پێویستە زۆر بە وریاییەوە ئاگەداری گەنجانمان بین.

هەروەها سەرەڕای ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەم جیهانە دەڵێن: تاک لە تەمەنی هەرزەکاری حەز دەکات کەشی نوێ بە تایبەت ئەوەی بە شێوەی گرووپە تاقی بکاتەوە و بەو شێوەیە خۆی دەربخات، ئەوە لە حاڵێکدایە کە سایکۆپاتەکان (دەروون نەخۆش و کەسانی خاوەن کەسایەتی دژە کۆمەڵایەتی) چاوەڕێن تا بە پەیوەندییەکی ساختە خۆ لە گەنجان نزیک بکەنەوە و بە مەرامی گلاوێان بگەن.





بە هاڕاوەی چەوەندەر قژت لە ڕووتانەوە بپارێزە

چەوەندەر یەکێکە لە دیارترین جۆری سەوزەکان کە هاندەری تەندروستی لەش و پێست و قژە بەو پێیەی ڕێژەیەکی زۆری ڤیتامین و ڕەگەزە خۆراکییەکانی تێدایە وەک: ڤیتامین بیومادە دژە ئۆکسانەکان و فسفۆر و مس و کالیسیۆم و پۆتاسیۆم. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی گۆڤاری تەندروستی دکتۆر سەلام میهرداد کە گۆڤارێکی تەندروستییە و بە زمانی فارسی دەرچێت، ئەوانەی قژیان زۆر هەڵدەوەرێت هاڕاوەی چەوەندەر بەکار بهێنرێت کە بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشیی سودی لێوەردەگرن بە تایبەت بۆ قژ هەڵوەرین. ئەو لێکۆڵینەوەیە تیشکی خستۆتە سەر چەند خاڵێکی سەرەکی کە هاڕاوەی چەوندەر سودی بۆی هەیە. لەوانە: هاندەری پاراستنی جوانی پێستە و چرچی و پەڵەی ڕەش ناهێڵێت، قژ تەندروست دەکات و ڕوتانەوە و وشکبونی ناهێڵێت، هاندەری باشترکردنی هێزی ماسولکەکان و جومگەکانە. ڕێژەی شەکر لە خوێندا ڕێکدەخات بەو پێیەی بەسودە بۆ نەخۆشی شەکرە، ڕێژەیەکی زۆری پۆتاسیۆم و کانزاکانیتری تێدایە کە هاندەری ڕێکخستنی ئاستی زەختی خوێنەوە و دڵ و خڕۆکەکانی خوێن دەپارێزێت لە مەترسی توشبوون بە گرژبوونی خوێنبەرەکان.

و: وریشە عومەر

حوکمڕانیی باش لە قۆناغی پۆست لیبڕاڵیزمدا

بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابووریی نیشتمانیدا



فەرهاد محەمەد

کێشەی سەرەکیی نێوان چەمکی ناسیۆنالیزم و لیبڕاڵ دیموکراتی، کێشەی پێناسەکردنی هەردوو چەمکی (هاوواڵتی و تاک)ـە، لەگەڵ ئەوەی لە بنەڕەتیشدا سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بە دەنگی هاوواڵتیان دادەمەزرێت و لە سیاسەتی حوکمڕانییشدا نوێنەرایەتی خواست و داواکاریی هاوواڵتیان دەکات، نەک تاک، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتیی رۆژئاوا (یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا) بەنیازی ئەوە بوون کە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بکەنەوە و وەک ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی پێناسەی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بکەنەوە، بۆیە تاکگەرایی (Individualism) کراوە بنەما و هەندێک چەمکی هاوواڵتیبوون (citizenship) کاڵ کراوەتەوە.

عەبدوڵکەریم سروش بیرمەندی ئێرانی و جیهانی، سەبارەت بەو زمانەی سیستمی دیموکراتی لە حوکمڕانیدا قسەی پێدەکات، دەڵێت: لەڵایەن زانکۆی هارڤاردەوە بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی چەند وانەیەک سەبارەت بە نزیکیی دیموکراتی و ئیسلام بڵێمەوە، بەڵام من پێمگوتن هەرگیز ناتوانرێت لێکنزیکبوونەوە لەنێوان دیموکراتی و ئیسلام دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی بە زمانی دیموکراتی ماف (Right)ـە و بە زمانی ئایینیش (هەر ئایینێک بێت) پابەندبوون (Obligation)ـە.

ئەم قسەیەی سروش ئەوەمان پێ دەڵێت، تاک (ئەوجا ئەو کەسە هاوواڵتی بێت، یان هاوواڵتی نەبێت) لە سیستمی دیموکراتیی رۆژئاوادا هەموو مافێکی وەک (مرۆڤ) هەیە، تەنیا مافی هاوواڵتیبوون نەبێت، بۆیە هەر تاکێک (هاونیشتمانی بێت، یا بیانی) هەتا ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نەبێت، مافی بەشداری لە هەڵبژاردندا نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە مافی ئەوەی نابێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتدا بکات، هەر بۆیەشە وەک لەم چەند ساڵەی دواییش لە وڵاتی خۆشمان بینیومانە، بەپلەی یەکەم پاراستنی کوردستان لەسەر شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و خەڵکانێکیش زۆریش کە وەک تاک لە کوردستان بوون، لەوانەیە لەکاتی شەڕی دژی داعش و گەمارۆکانی بەغدا بۆ سەر کوردستان ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتبێت.

ئەوجا لەبەر ئەوەی هاوواڵتی ئەرکی پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و ئامادەیە لە پێناوی مانەوەی شکۆی ئەو دەوڵەتە قوربانی بە گیانی خۆی بدات و حکومەت و حوکمڕانییش هەر بەدەنگی ئەو دادەمەزرێت و دەبێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی هاوواڵتیانی بکات، ئەوا ئەم ئاراستەیە فەرزی دەکات کە دەبێت سیاسەتی حوکمڕانی (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت)، سیاسەتێکی لۆژیکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت و وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاریی هاوواڵتیانی خۆی بێت.

گەورەترین کێشە کە ئێستا بەرگە گلۆبالییەکەی لیبڕاڵیزم تووشی دیموکراتییەتی لیبڕاڵی کردووە، ئەوەیە کە بەهای بەرزەکانی کەرتی تایبەتی لەسەر بنەمای ئابووریی نیشتمانی گۆڕیوە بۆ کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ئابووریی گلۆبالی، ئەم وەرچەرخانە نەک هەر بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بەرگە نیشتمانی و نەتەوەیەکەی لێ بکرێتەوە، بەڵکو تەواوی ئەو بنەمایانەی گۆڕیوە کە کەرتی تایبەت دەکاتە بنەمای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (Welfare State)بۆ هاووڵاتیانی، فەلسەفەی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە و لەسەر پێشنیاری (ئۆتۆن فون بسمارک) باوکی نەتەوەیی ئەڵمان هاتۆتە دامەزراندن، لەپێناوی ئەوە بووە کە هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی بکات و دووربکەوێتەوە لەو چەمکە گلۆبالییەی کە ئەو کات فیکری کۆمۆنیستی بانگەشەی بۆ دەکرد و ئامانجی بوو لەڕێگر دروشمی (کرێکارانی جیهان یەک بگرن) پێناسەی هاووڵاتیبوونی لە کرێکاران دەکردەوە و دەیکردنە تاکێک بەناوی (پرۆلیتاریا)، ئێستاش سیستمی لیبڕاڵی لە بەرگە گلۆبالییەکەیدا تووشی هەمان نەخۆشیی کۆمۆنیستی جیهانی سەدەکانی ڕابردووە و ئاکامیشی وەک ئێستا سەرەتاکانی دەرکەوتووە، هەر وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دەبێت و، سەرەنجام هەر دەبێت (حوکمڕانیی باش) بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەیی.

لەم چوارچێوەیەدا حکومەت و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانیشدا کە ئێستا بە دیفاکتۆ وەک دەوڵەتێکی بێدەنگ پێناسە دەکرێت، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نەرێنییەکانی ئاراستە گلۆبالییەکەی (ئابووریی بازاڕ)، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانین ژێرخانێکی پتەو بۆ (ئابووریی بازاڕ) لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خۆمان بونیادبنێین، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی وەک حکومەت لەسەر ئاستی سیاسەتی ئابووری پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەکەین و بواریێکی فراوان دراوەتە کەرتی تایبەت، بەڵام ئەم کەرتە تایبەتە نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی حکومەت سووک بکات، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا کەرتی تایبەت ئەرکی سەرشانی حکومەتی قورستر کردووە، لەم حاڵەتەشدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک تەواوی حکومەتەکانی وڵاتانی جیهان هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستێک بۆ کاریگەریی نەرێنییەکانی ئاراستەی گلۆبالی (ئابووریی بازاڕ) دابنێت و ڕێگە نەدات ئەو ئاراستە نەرێنییانە ژێرخانی ئابووریی سەر کوردستان ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتبێت.

ئەوجا لەبەر ئەوەی هاوواڵتی ئەرکی پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و ئامادەیە لە پێناوی مانەوەی شکۆی ئەو دەوڵەتە قوربانی بە گیانی خۆی بدات و حکومەت و حوکمڕانییش هەر بەدەنگی ئەو دادەمەزرێت و دەبێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی هاوواڵتیانی بکات، ئەوا ئەم ئاراستەیە فەرزی دەکات کە دەبێت سیاسەتی حوکمڕانی (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت)، سیاسەتێکی لۆژیکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت و وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاریی هاوواڵتیانی خۆی بێت.

گەورەترین کێشە کە ئێستا بەرگە گلۆبالییەکەی لیبڕاڵیزم تووشی دیموکراتییەتی لیبڕاڵی کردووە، ئەوەیە کە بەهای بەرزەکانی کەرتی تایبەتی لەسەر بنەمای ئابووریی نیشتمانی گۆڕیوە بۆ کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ئابووریی گلۆبالی، ئەم وەرچەرخانە نەک هەر بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بەرگە نیشتمانی و نەتەوەیەکەی لێ بکرێتەوە، بەڵکو تەواوی ئەو بنەمایانەی گۆڕیوە کە کەرتی تایبەت دەکاتە بنەمای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (Welfare State)بۆ هاووڵاتیانی، فەلسەفەی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە و لەسەر پێشنیاری (ئۆتۆن فون بسمارک) باوکی نەتەوەیی ئەڵمان هاتۆتە دامەزراندن، لەپێناوی ئەوە بووە کە هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی بکات و دووربکەوێتەوە لەو چەمکە گلۆبالییەی کە ئەو کات فیکری کۆمۆنیستی بانگەشەی بۆ دەکرد و ئامانجی بوو لەڕێگر دروشمی (کرێکارانی جیهان یەک بگرن) پێناسەی هاووڵاتیبوونی لە کرێکاران دەکردەوە و دەیکردنە تاکێک بەناوی (پرۆلیتاریا)، ئێستاش سیستمی لیبڕاڵی لە بەرگە گلۆبالییەکەیدا تووشی هەمان نەخۆشیی کۆمۆنیستی جیهانی سەدەکانی ڕابردووە و ئاکامیشی وەک ئێستا سەرەتاکانی دەرکەوتووە، هەر وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دەبێت و، سەرەنجام هەر دەبێت (حوکمڕانیی باش) بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەیی.

لەم چوارچێوەیەدا حکومەت و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانیشدا کە ئێستا بە دیفاکتۆ وەک دەوڵەتێکی بێدەنگ پێناسە دەکرێت، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نەرێنییەکانی ئاراستە گلۆبالییەکەی (ئابووریی بازاڕ)، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانین ژێرخانێکی پتەو بۆ (ئابووریی بازاڕ) لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خۆمان بونیادبنێین، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی وەک حکومەت لەسەر ئاستی سیاسەتی ئابووری پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەکەین و بواریێکی فراوان دراوەتە کەرتی تایبەت، بەڵام ئەم کەرتە تایبەتە نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی حکومەت سووک بکات، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا کەرتی تایبەت ئەرکی سەرشانی حکومەتی قورستر کردووە، لەم حاڵەتەشدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک تەواوی حکومەتەکانی وڵاتانی جیهان هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستێک بۆ کاریگەریی نەرێنییەکانی ئاراستەی گلۆبالی (ئابووریی بازاڕ) دابنێت و ڕێگە نەدات ئەو ئاراستە نەرێنییانە ژێرخانی ئابووریی نیشتمانی بپووکێنێتەوە.

سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت

ئۆلریش بیک بیرمەندی ئەڵمانی لە کۆتایی (کۆمەڵگەی مەترسیدار - Risk society) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: (مرۆڤایەتی چۆن بە ڕێگەی کرانەوەی سنوورەکان سوودێکی زۆر باش لە دیاردەی گلۆبالیزم دەبینێت، بە هەمان ئاستیش ڕووبەڕووی مەترسییەکانیش دەبێتەوە و ناتوانێت سنوورەکانی بە ڕوودا دابخات)، هەمان بیرمەند لە کۆتایی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات)، ئاماژە بە لافیتەیەکی خۆپیشاندەرانی دژە گلۆبالیزم دەکات کە لەسەری نووسراوە: ((فەرمانڕەواکانمان هەڵدەبژێرین، بەڵام ناتوانن فەرمانڕەوایمان بکەن)). بێگومان ئەم دوو نمونەیە گونجاون بۆ ئەوەی بیکەینە دەروازە و شرۆڤەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئاراستەی گلۆبالی ئابووریی بازاڕ لە سایەی شۆڕشی پیشەسازی چوارەمدا بکەین.

ئۆلریش بیک کۆتایی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات)، ئاماژە بە لافیتەیەکی خۆپیشاندەرانی دژە گلۆبالیزم دەکات کە لەسەری نووسراوە: ((فەرمانڕەواکانمان هەڵدەبژێرین، بەڵام ناتوانن فەرمانڕەوایمان بکەن)). بێگومان ئەم دوو نمونەیە گونجاون بۆ ئەوەی بیکەینە دەروازە و شرۆڤەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئاراستەی گلۆبالی ئابووریی بازاڕ لە سایەی شۆڕشی پیشەسازی چوارەمدا بکەین.

ئۆلریش بیک بیرمەندی ئەڵمانی لە کۆتایی (کۆمەڵگەی مەترسیدار - Risk society) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: (مرۆڤایەتی چۆن بە ڕێگەی کرانەوەی سنوورەکان سوودێکی زۆر باش لە دیاردەی گلۆبالیزم دەبینێت، بە هەمان ئاستیش ڕووبەڕووی مەترسییەکانیش دەبێتەوە و ناتوانێت سنوورەکانی بە ڕوودا دابخات)، هەمان بیرمەند لە

وون بوون

پسوولەی شارەوانی عەنکاوە ژمارەی پسوولە ٠٦٥٩٥٠٢ بەروار ٢٠١٥/٦/٧ بەبری ١٠٠٠٠٠٠ بەناوی سولین نظام الدین عبدالمجید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

العدد/٢٠٣/مواد/٢٠١٩

اعلان

الى المدعى عليه (شمو حسن خلف) اصدرت هذه المحكمة حكمها الغيابي بالعدد ٢٠٣/مواد/٢٠١٩ في ٢٠١٩/٦/٢٧ المتضمن تصديق الطلاق الخارجي بين المدعية ليلى جوكو عيدو وزوجها المدعى عليه شمو حسن خلف الواقع خارج المحكمة بتاريخ ٢٠١٤/٤/٣ ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار المختار ومركز شرطة الشمال تقرر تبليغك بواسطة النشر في الصحف اليومية حسب الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في القوش

العدد/٣٢/مواد/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/٧/٩

اعلان

الى المدعى عليها (١- ليلى سليم عبو ٢- سولاف حاجي علي) تسكنان قرية بابيرة سابقا ومجهولتي محل الاقامة حاليا

اقام المدعي نجم عبدال عبو الدعوى المرقمة ٣٢/مواد/٢٠١٩ بنفي واثبات نسب الاولاد كل من سمير و سعد و أسعد ولمجهولية محل اقامتكما قررت هذه المحكمة تبليغكما بصحيفتين محليتين بالحضور امام هذه المحكمة صباح يوم ٢٠١٩/٧/١٨ الساعة (٩:٠٠) وعند عدم حضوركما سوف تجرى نحاكمتكما غيابيا وفق القانون

القاضي / حسام الدين احمد علي

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٤٤٠٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٨

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٩٢/١٤٠٤) کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (فاضل رسول حمد) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (١٠١٠٠٠٠٠٠) سەدو یەك ملیون دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەمڵێنراوی مولکەکە کە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە زانیاری لەسەر مەلکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)

- خاوەن مولك (سامی صابر اسماعیل)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- ڕووبەر (٢٦٠م٢)

- ژمارەی مولك (١٥١/٧٢ کەرتی ٤٥ وارش)

شوێنی مولك (هەولێر/ گەرەکی ڕاپەرین/ نزیك مزگەوتی قادریە شەهید/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)

- پێکهاتەکەی/ نهۆمی سەر زەوی گەراج و ژوریك و حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم دوو ژوورو مطبخ و هۆل و حمام و مرافق لە نهۆمی دووەم دوو ژوورو حمام و مرافق هەمووی لەبلۆك و کۆنکریت دروستکراوە.

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە بە ڕ ێو ە بە ر ا یە تی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

ژمارە: ٣١/١٠٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم هەڵدەستی بە بەکرێدانی (٨١) دوکان مولکی شارەوانی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦ بنەسلاوە) بەمزایدەی ئاشکرا بەپێ ی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی١٩٨٦ بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەوکەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٢ / ٨ /٢٠١٩ کات ژمێر (١١) یانزەی بەیانی لە ڕۆژی دیار کراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەڕێژەی (٢٠٪) لەکرێ ی خەمڵێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێ ی بلاوکردنەوە وخەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٢) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٥٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٣+ ٣١+ ٣٦+ ٣٩+ ٤٠+ ٤٢+ ٦٦+ ٦٧+ ٦٨+ ٩٠ تاکو ١١٣+ ١١٥تاکو ١١٩) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٢٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٤٣) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٢٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٤٥ تاکو ٤٩+ ٥٥+ ٦٠+ ٦١+٦٩+ تاکو ٧٥+ ٧٨ تاکو ٨١+٨٣+ ٨٤+ ٨٥+ ٨٧) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی١٨/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٣٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧٧) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٧٥٠ حەفت سەد و پەنجاهەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٦- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١١٤) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٥٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٧- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٢٠) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی١٨/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٢٥٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٨- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٨٩) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی٥٤/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٥٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

٩- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٥+ ١٢١) تاکو (١٣٣) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی١٨/م٢ کرێ ی ساڵانەی خەمڵێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/٠٠٠ ٢٥٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان٣/ ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی شەمامك

هۆبەی تۆماکردنی ئامێرەکان

ژمارە: ٨١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨

ئاگاداری

بەپێی داوای داواکار (دارا اسعد عزیز) و سکالای لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتمەند چووین بۆ جێگای ئامێرەکان لە (شمامك) پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.

دادنووس/ هیوا برایم علی

ئامێرەکان:

١- سایلۆی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W١٠ بری پارە/ ٨,٥٠٠,٠٠٠.

٢- سایلۆی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W١٠ بری پارە/ ٨,٥٠٠,٠٠٠.

٣- سایلۆی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W١٠ بری پارە/ ٨,٥٠٠,٠٠٠.

٤- سایلۆی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W١٠ بری پارە/ ٨,٥٠٠,٠٠٠.

٥- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

٦- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

٧- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

٨- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

٩- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

١٠- ئامێری سەرخستنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٥,٥ بری پارە/ ١,٥٠٠,٠٠٠.

١١- فلتەر بۆ ئالوگۆری هەوا ژمارە/ ١٣٠٤٠٨٥٢٦ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای K.W٧٥ بری پارە/ ٩,٠٠٠,٠٠٠. کۆی گشتی بری پارە/ ٥٢,٠٠٠,٠٠٠

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٨٥٧/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٦

جاڕدان

بۆ/ داواڵێکراو (زانا صباح اسماعیل) شوێنی دانیشتن نادیارە.

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٤٨٥٧/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بریاریدا بە تفریق للضرر لەنێوان تۆو داواکار (دلسوز شیخ کریم) لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (بیرکۆتی نوێ) بۆیە بریاریدا لە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠)دە ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٣٣٧٨)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ (پشت ڕێگای گشتی هەولێر- خەبات لای دەستە چەپ) بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله

ی.بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسی قوشتەپە

ژمارە: ٤٣٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٩

جاردان

بۆ وون بوو/ لاوەند محمد احمد

ئاگادارت دەکەینەوە کە بەپێی بریاری دادوەری لێکۆڵینەوەی قوشتەپە لە ڕووداوی وون بوونت داوات لێدەکەین کە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە دادگا ئامادەبیت یان هەر کەسێك زانیاری لا هەیە یاخود هیچ هەواڵ دەزانیت سەبارەت بە وون بوو ئاگاداری ئەم دادگایە بکاتەوە بەپێچەوانەوە ڕێگای یاسایی ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل عمر عبدالله

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٨٩٧/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٧

جاردان

بۆ داواڵێکراو (یاسین صالح احمد)

ئاماژە بە داوای ژمارە (١٨٩٧/ش/٢٠١٩) کە تاییەتە بە داواکار (رحاب محمد سعید) وە داواڵێکراو (یاسین صالح احمد) کە جۆری داواکە بریتیە لە (تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی عارەب کەندی نوێ دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە ٢٠١٩/٨/٦ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دەشتی هەولێر

جاردان داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ کردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١/٥٩٦٥) کەرتی (٨٦ بنصلاوە) بەناوی مدیریة بلدیة اربیل کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

تێبینەر/ محمد سلێمان محمد

***

فەرمانگەی دادنووسی (عەنکاوە)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/٣

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن بەڕێز (سعد حازم سعید) بریکاری گشتی (المتران سامان متی شرف) لە بەروارى ٢٠١٩/٧/٣ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (عەنکاوە کەرتى ١٢٨) تەنیشت کەنیسەى ام النور و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پیشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمادەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم

مریوان قەرنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- میکسر خەڵاتى تێکەڵکردنى موادى معسل نیرگەلە بێ ژمارە دروستکراوى ایرانى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا K.W٤,٥ بەکار نەهاتووە.

٢- تێکردنى معسل بۆ ناو کیسە و کەپس کردنى بێ ژمارە دروستکراوى ایرانى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا K.W٢,٥ بەکار نەهاتووە.

٣- تێکستردەرى دروستکردنى معسل بێ ژمارە دروستکراوى ایرانى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا K.W٧,٥ بەکار نەهاتووە.

٤- خەڵاتى عامودى تێکەڵکردنى موادى معسل بێ ژمارە دروستکراوى ایرانى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا K.W٢ بەکار نەهاتووە.

٥- دووداندە لەفکردن و کەپس کردنى پاکەتى معسل بێ ژمارە دروستکراوى ایرانى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢ ٢,٥*.

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە: ١١٤٨/ت/٢٠١٧

ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٠

بۆ/ تاوانبار مصطفى توفيق طه

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٣ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (١١٤٨/ت/٢٠١٧ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ حوکم درا بەسەرتا بە مۆبد

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ قادر سعید محمد

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٥٤٨/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٦

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو ئاری محمود احمد

رسول ناوی دایکی: عصمت صالح پیرۆت

بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تاییەتە بە (بنکەی پۆلیسی ڕزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کامل تۆفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٤٣٥/ج/٢٠١٥

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٨

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو سەهەن شێرزاد عثمان

علی ناوی دایکی: شەهلاء عبداللطیف

بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣) لە یاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تاییەتە بە (بنکەی پۆلیسی ڕزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کامل تۆفیق سعید

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە/٥/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٥

بۆ تاوانباری هەڵاتوو/ شمال دیندار داود مجید

ئاگادارکردنەوە سزا

ئەم دادگایە بریاری دەرکردووە بەژمارە ٥/ك/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٦/٢٥ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی حوکمی ماددە (٤٥٣/ یاسای سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا. بۆیە بریاردرا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ڕۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە.. مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ معتصم امین لیلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە/٣٨/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٦

بۆ تاوانباری هەڵاتوو/ داروان فارس عبدالله

ئاگادارکردنەوە سزا

ئەم دادگایە بریاری دەرکردووە بەژمارە ٣٨/ك/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٦/١٦ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (١٨) هەژدە مانگ بەپێی حوکمی ماددە (٤٤٦) لە یاسای سزاکان بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا. بۆیە بریاردرا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ڕۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە.. مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ معتصم امین لیلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە/٢٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣
بۆ تاوانباری هەڵاتوو/ جاسم احمد شکری
ئاگادارکردنەوە سزا
ئەم دادگایە بریاری دەرکردووە بەژمارە ٢٦/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٧/١ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی حوکمی ماددە (٤٤٦) لە یاسای سزاکان بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا. بۆیە بریاردرا لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە رۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە.. مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایيدا (٣ سێ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ معتصم امین لیلانی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٩/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ دهام قادر سعدو و خلیل سعدو شیخو
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٢٩/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٥ دادگا بریاریدا بەبەندکردنتان بۆ ماوەی ٧ حەفت ساڵ بۆ هەر یەکەکتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بەپێی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٤١٠ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٤٠/ج/٢٠١٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ کاوە عولا ابابکر
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٤٠/ج/٢٠١٢ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٣/٣١ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش ساڵ + ٦ شەش سال کۆی گشتی ١٢ ساڵ بەپێی ماددەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/٢٣٧/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ صدیق ابوبکر حمه صالح
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٣٧/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٨ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی هەتایە (مؤبد) بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٢٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ گۆفند قادر میکائیل
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٢٦/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٦ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ بەپێی ماددەی ١/٤٥٢ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٧٢/ك/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ کۆڤان علی سلیمان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٧٢/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/٦/٢٤ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢) دوو سال بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٨٦/ك/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیستون جال حمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٨٦/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/٦/١٧ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوەتان لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٩٥/ت/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٠
بۆ/ تاوانبار بریار کامل حمەرشید
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (١٩٥/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٣٩٣ سزادان لەیاسای سزادانی عراقی حوکم درا بەسەرتا بە ٧ ساڵ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٣٦/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئەژی ستار اورحمان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٨٥/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عزیز مصطفی حمەخان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستپاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای تاوانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٣٨/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بریار فریق احمد محمد
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١/ چەك) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (تەکیە/ چەمچەمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٨٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو هەڵۆ ظاهر حمەصالح
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١١ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١٨٨/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی بەشی ٢/٢٣ لەیاسای هاتووچۆ حوکم درا بەسەرتا بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٧٣٤/ج/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مەبەست عزالدین احمد
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
***
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ١٢٣/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: صادق موسی صادق
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ دانا محمود حمه صالح
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٨٤٧/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٦
بۆ/ تاوانبار سلمان عزت عثمان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (٨٤٧/ت/٢٠١٧) وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤١٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٧ ساڵ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ زیاد بشیر محمد
***
دادگای کەتنی پێنجوێن
ژمارە: ٦٣/ك/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری شوێن نادیار رزگار احمد صالح
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی کە نێردراوی بۆ دادگاکەمان بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزاکان ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە دۆسیەی ژمارە (٦٣/ت/٢٠١٧) سەبارەت بە تۆمەتبار رزگار احمد صالح وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە و شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە ئاگادارت دەکەینەوە لە رۆژی ٢٠١٩/٩/٢ کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی لە دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت رادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەیت بۆ هێنانت لەو رۆژەدا وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەغیابی بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ دانا محمود حمه صالح
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٨٤٧/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٦
بۆ/ تاوانبار سلمان عزت عثمان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (٨٤٧/ت/٢٠١٧) وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤١٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٧ ساڵ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٧٣٤/ج/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مەبەست عزالدین احمد
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
***
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ١٢٣/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: صادق موسی صادق
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٩٥/ت/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٠
بۆ/ تاوانبار بریار کامل حمەرشید
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (١٩٥/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٣٩٣ سزادان لەیاسای سزادانی عراقی حوکم درا بەسەرتا بە ٧ ساڵ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٣٦/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئەژی ستار اورحمان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٨٥/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عزیز مصطفی حمەخان
ئاگادارى
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستپاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Clem) بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی بازرگانی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Clem) بۆ کۆمپانیای (Peerless)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٤٩٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (B.M.J.K) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (SALLYPORT) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الظل الفظی) بڕیاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (الظل الفظی) بۆ کۆمپانیای (GOLDEN SHADOW)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (شاری هەولێر- شەقامی ٦٠م- کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی)

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان /بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ACROPOLE) بڕیاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ACROPOLE) بۆ کۆمپانیای (جنة الشام)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (شاری هەولێر- شەقامی ٦٠م- کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی)

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان /بەوەکالەت

بەپەلە



سەمیر عەتاللا

بەشێکی زۆری قەیرانەکانی ئەمڕۆی جیهان، لەسەر ئەم خێرایی تێشکڕۆیە دەوەستێت، کە هەواڵ تێیدا جوولە دەکات و، بووەتە (بەپەلە) لە سەرتاسەری جیهان، لە هەمان ساتدا. هەواڵی (بەپەلە)، پیتەکان بە ڕەنگی سوور و تەلەفۆن، کە زەنگ لێ دەدات، لێناگەڕێن، کەس بە بێ لایەنی بمێنێتەوە.





لەیەک خولەکدا، پەرچە کردارەکان کاردانەوەیان دەبێت، وەکوو ئەوەی دامودەزگاکانی جیهان، ئەندامی تیپێکی موزیک بن و مایستروّ بە دوو دارەکەی، ئاماژەی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی بۆ کردبن. لەچەند ساتێکدا، نرخی نەوت، زێڕ، کانزا و دانەوێلەکان بەرز دەبێتەوە، نرخی پشکەکانی تەواوکاری وەکو، گەشتوگوزار، هوتێل و هونەرەکانیش سەرەوڵێژ دەبێتەوە. لەگەڵ زێڕ، ئەڵماس و کاڵا بە نرخەکان، نرخی سووپ و لە قوتوونراوە هەرزانەکانیش بەرز دەبێتەوە، چونکە جەنگەکان لە کورتیدان، هەژاری و سووپی (کامپل)ـە، کە نەدارەکان پەلەی هەڵگرتنی دەکەن.

هەرکە لەسەر ئەکران، چاوت بە وشەی (بەپەلە) دەکەوێت، هەموو بە بێ هەوڵاوێری، هەست بە (قایشەکان ببەستەن) دەکەن، چونکە هەورەکەی چڕە، ئەگەری تاسەی هەوایی هەیە و کەشوهەواش ئاڵۆزە. هەواڵی خۆش، ئەگەر ڕوو بدات، لە کۆتایی هەواڵەکان، یان لە نێو هەواڵە هەمەڕەنگەکاندا دەبێت، وەکو لەدایکبوونی نەوەی شازدە ئەلیزابێس، کە نۆ مانگە چاوەڕێ دەکرێت، بەهێمنی و پەلەکردن لە شەیتانەوەیە تێپەڕ دەبێت. بەڵام کەوتنی فڕۆکەیەکی سەربازیی ئەمەریکا، لە ئاسمانی کەنداوی عەرەبیدا، وا دەکات، هەموو جیهان لەسەر نووکی پەنجەکانی پێی بوەستێت. لەو جۆرە گەڕەلاوژەیەشدا، خەڵکی پەلەی گێڕانەوەی ساتەکانی مێژوویی هاوشێوەن، بەمەش زیاتر تاڵۆز و شێواو دەبێت.

هەموو بەیەکجاریی بەرەو بیرهێنانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا چوون، لە قەیرانی موشەکانی کوبادا.

بوەستە، ئەوێ ڕۆژێ، ڕووبەڕووبوونەوەکە لە نێوان دوو گەورەترین جەمخانی ئەتۆمی بوو، لەسەر زەوی و لە ژێرەوەیدا. ڕۆبەرت ماکنمارا، وەزیری بەرگری ئەمریکا وتی، ئەو شەوە بەر لەوەی بچێتەوە ماڵەوە، چاوی لەو دارەی پێش دەرگا بڕی، گوایە سبەینێ لێرەی نابێت، هەتا ماڵەکەی و واشنتۆنیش، بەڵام پیاوی دوگمەی ئەتۆمی لە مۆسکۆ، ئەو شەوە بڕیاری دا، بۆ هەموان وا باشترە، هەسارەکەمان لەسەر گەرمیەتی خۆی بمێنێتەوە و نەبێتە تابلۆیەکی بەفرین، کە ژیانی بۆ مرۆڤەکان، دار و ماسی سەلەمۆنی لەسەر نەمێنێت.

بەراوردکردن لەنێوان هێزی ئێران و هێزی ئەمریکا، لە پڕکردنەوەی خانەی وشە یەکتربڕەکان دەچێت، بە پڕکردنەوەی خانە بۆشەکانی ستوونی، بە دەستەواژەی ئاسۆیی. چارەکەش، پەڵەی ڕەش و بەهەڕەی دەڕەوەی چوارچێوە و لۆجیک دەبێت. ئێران، هێشتا هەڕەشەی پێتاندن دەکات، بەڵام ئەمبارکراوەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەندە موشەک، ڕۆکێت و تەقەمەنی ئەتۆمی تێدا بوو، کە بەشی دەجار وێرانکردنی زەوی دەکرد. ئەمبارکراوی ئەمریکاش، بەس بوو بۆ ئەوەی وشکایی و ئاو، بکاتە لیتەیەکی تێکەڵاو. لەگەڵ ئەوەشدا، قەیرانە تازەکەی کەندا، ترسی نایەوە. دەرفەتێکی باش بوو بۆ، کۆماری ئیسلامی، بۆ ئەوەی خۆی وەکو زلهێزێک، بەڕووی بەهێزترین وڵات لەسەر زەوی دەربخات. زیانەکانی دارایی، هەر ڕوو دەدەن. وەستان لەگەڵ ئەمەریکا، لەسەر ڕۆخی کەندرەکە، شتێکی سەرنج ڕاکێشە. هاوواڵتیەکی ئاسایی ئێرانیش چی بەسەر دێت، ئەوەیان دوایین خەمەکانە و مەسەلەیەکی لاوەکییە، چونکە دەسەڵات، لە هاوواڵاتی و نیشتمانیش گرنگترە.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.aawsat.com

ویَنەو کۆمێنت



ئاژانسە سیخوڕییەکان بەدوای ڕاوێژکاری ئەڵمانیاوەن

لە هەواڵێکدا ماڵپەڕی ستەفی نیوزلەندی ڕایگەیاند کە زۆر لە دەزگا سیخوڕیەکانی جیهان هەوڵی دەستخستنی تۆمارە تەندروستیەکانی تایبەت بە خاتو ئەنجیلا میرکلێی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دەدەن بۆ ئەوەی هۆکاری ئەو لەرزینە بزانن کە چەند جارێکە دووچاری دەبێ . شایەنی باسە ڕۆژی 27ی حوزەیران لە میانی ئاهەنگێکدا لە بەرلین میرکل بۆ جاری دووەم دووچاری ئەو حالەتە بووەوە ، جاری یەکەم باس لەوە کرا کە ئەمە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بووە ، بەڵام جاری دووەم میرکلّ لە شوێنێکی داخراو و سارد بووە . لەو بارەوە میرکلّ ڕایگەیاندووە کە حالەتی دووەم زیاتر دەڕوونی بووە . لە لایەکی دیکەش ، ڕۆژنامەی بیلد ڕایگەیاند کە ژمارەیەک ئاژانسی هەواڵگری بیانی باوەڕ بەم بۆچوونانە ناکەن و هەوڵ دەدەن دۆسیەکانی تایبەت بە تەندروستی میرکلّ وەدەست بێنن .

لە میانی سازکردنی کۆنگرەی لووتکەی گرووپی 20یش لە ژاپۆن ، ئەگەرچی میرکلّ بە زەردەخەنەوە لەبەردەمی زومی کامێراکان دەرکەوت بەڵام وەک جاران بەهێز نەکەوتە بەر چاو ، لەوبارەشەوە ئەو وتی: ئەو حالەتە وەک چۆن لەپڕێک سەری هەڵدا هەر واش نامێنێ.

سالی 1890:

وایۆمینگ بووە ویلایەتی ژمارە 44ی ئەمەریکا.



سالی 1923:

مۆسۆلینی دکتاتۆر بڕیارێکی دەرکرد و بەهۆیەوە جگە لە پارتی فاشی، هەموو پارتە سیاسیەکانی دیکەی قەدەغە کرد و پەرلەمانی ئیتالیاشی هەڵوەشاندەوە.



سالی 1951:

بە مەبەستی وەستاندنی جەنگی نێوانیان ،ئاگربەستی نێوان هەردووک کۆریا ڕاگەیەنرا.



سالی 1991:

بۆریس یەلتسن وەک یەکەم سەرۆکی دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت بۆ ڕووسیا هەڵبژێردرا .



سالی 2000:

لە باشووری نایجیریا بۆڕیەکی نەوت تەقیەوە و بووە هۆی کوژرانی 250 کەسی سڤیل.



سالی 2018:

لە فلپین کۆتایی بە پرۆسەی ڕزگارکردنی ئەو 12کەسە هێنرا کە لەژێر ئەشکەوتێکدا گیریان خواردبوو.

www.xebat.net
چوارشەممە2019/7/10 ژمارە (5786)

پرۆفایل

مارگرێت تاتشەر ..
The Iron Lady

ئا: هەندرێن شێرزاد

بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە بەرچاوترین کەسایەتیە سیاسیەکان لە میژوودا ، بە شێوەیەکی تایبەتیش لە میژووی بەریتانیا . تاتشەر ئەو ئافرەتە بوو کە زۆر سەرکەوتوانە سەرپەرشتی جەنگە سیاسی و سەربازیەکان کرد و شایستەی هەڵگرتنی نازناوی ئافرەتی ئاسنین و پایەی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا بوو ، ئەو پایەیەی هەمیشە بۆ پیاوان تەرخان دەکرا .



لەدایکبوون

ناوی تەواوی مارگرێت هیلدار رۆبرتسە ، لە 13ی ئۆکتۆبەری 1925لە شاری گرانسام لە لینکۆلنشایەری رۆژهەلاتی ئینگلتەرا لەدایک بووە . تاتشەر رۆلەی خانەوادەیەکی مامناوەند بووە ، باوکی خاوەنی دوکانێکی بچوکی سەوزەفرۆشتن بووە ، بەلام دایکی لە خانەوادەیەکی بەناوبانگی ئینگلیزی بووە .

لەنێوان ئاین و سیاسەتدا


ئەگەرچی دایک و باوکی نەیانتوانیوە خۆشگوزەرانیەکی تەواو بۆ مارگرێت فەراهەم بکەن ، بەو پێیەی باری دارایی خانەوادەکە تەنیا بەشی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان بووە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریان کردووە لە دروستکردنی کەسایەتی بەهێز و متمانە بەخۆبوون بۆ ئەو منداڵەیان، ئەمەش شتێکە لە زۆربەی حالەتەکاندا کەسە هەرە دەوڵەمەندەکان ناتوانن بیکەن . وێڕای سادەیی، باوکی مارگرێت چالاکوانێکی کاریگەری بواری سیاسی بووە ، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری لێکدانەوە و هزری باوکی ، بەمەش لە سەرەتای تەمەنیدا ئەو وەک کەسێکی هۆشیار لە بواری سیاسەت دەهاتە بەر چاو . لە رووی ئایینیشەوە ، تاتشەر کەسێکی ئایندار و رۆشنبیر و کراوە بووە ، ئەمەش دیسان بۆ باوکی دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی لە یەکێک لە کلێسا میسۆدیەکان بانگخواز بووە .

قۆناغی دووەمی ژیان

لە قۆناغی یەکەمی ژیاندا ، ئەلفرێد رۆبەرتس (باوکی) مامۆستای یەکەمی مارگرێت بوو ، بەلام ئەمە هۆکاری یەکەم نەبوو بۆ ئەو پلەو پایە گرنگەی کچەکەی پێی گەیشت ، بەڵکو قۆناغی دووەمی ژیان بوو کە بریتی بوو لە خوێندنی ئەکادیمی و بڕوانامە . ئەو سەرەتا لە قوتابخانەی هۆنتنج تاوەرەوە دەستی بە خوێندن کرد ،دواتر بەهۆی زیرەکی ، دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا روو بکاتە قوتابخانەی کیستڤنی کچان و لەوێ چەند ساڵێک لەسەر ئاستی قوتابخانە پلەی یەکەمی وەدەست هێنا ، دواتر رووی کردە زانکۆی ئۆکسفۆرد و لە بواری کیمیادا بڕوانامەی وەرگرت .ساڵی 1951لەگەڵ دینیس تاتشەر ژیانی هاوسەری پێکهێنا ،ئەو یەکێک بوو لە لایەنگرە سەرسەختەکانی پارتی پارێزگاران ، بۆیە دینیس بووە پاڵپشتێکی گەورە بۆ مارگرێت.

جیهانی سیاسەت

هەر لە قۆناغەکانی یەکەمی ژیانیدا بایەخی بە بواری سیاسەت دا ، بەلام ساڵی 1950بەشێوەیەکی فەرمی خۆی خزاندە نێو ئەم جیهانە و وەک بچووکترین ئەندام لە هەڵبژاردنی پارتی پارێزگارانی بەریتانیدا بەشدار بوو ، ئەگەرچی مەبەستی سەرەکی ئەوە نەبوو بە فەرمی ببێتە ئەندامی ئەو پارتە ، بەڵکو دەیخواست پایەیەکی گەورە وەدەست بێنێ و لەو پێناوەشدا کەوتە نێو ململانێیەکی توند و چەند جارێک داواکانی ڕەت دەکرایەوە ، دواتر لە ساڵی 1959ئەو ئامانجەی هاتە دی و وەک ئەندامی ئەنجومەنی عمومی حزب دەستنیشان کرا و لەو کاتەوە بووە ئەندامێکی کاریگەری پارتی پارێزگاران . لەو کاتەوە ئاستی پشتگیریی جەماوەریی رووی لە زیادبوون کرد و چەند پایەیەکی دیکەی وەرگرت تا لە ساڵی 1979 بوو بە سەرۆکوەزیرانی ولاتەکەی و تا ساڵی 1990بەردەوام بوو .



دەستلەکارکێشانەوە لە حکوومەت

دوای ئەوەی تاتشەر واژۆی لەسەر بڕیارێک کرد کە تایبەت بوو بە سەپاندنی باجێکی دیکە بەسەر خەڵکی بەریتانیا ، لە شەو و ڕۆژێکدا بارودۆخەکان سەرەوژێر بوون و هیچ یەکێک لەو سەرکەوتن و دەستکەوتانە بە هانایەوە نەهاتن کە پێشتر وەدەستی هێنابوون ، ئەوەبوو لە ماوەیەکی کەمدا رای گشتی لە دژی وەستا و خەڵک رژایە سەر شەقام و داوای دەستلەکارکێشانەوەیان لێکرد ، لە بەرامبەردا پارتی پارێزگاران دەستبەرداری تاتشەر بوو و بەرگری لێ نەکرد ، ئەوە بوو لە 22ی نۆڤەمبەری 1990دەستی لەکار کێشایەوە.

نهێنی نازناوی ئافرەتی ئاسنی

لەبەر چەند هۆکارێک نازناوی ئافرەتی ئاسنی خرایە پاڵ خاتو مارگرێت تاتشەر لەوانە: بڕیری لە پیادەکردنی سیاسەتێکی توندی ئابووری لیبرالی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

مللانێی بەردەوام لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران .

بە تایبەتکردنی گەورە کۆمپانیاکانی بەریتانیا .

کەمکردنەوەی ئەو یارمەتیە دارایە کۆمەڵایەتیانەی حکومەت بە خانەوادە هەژار و ماموناوەندەکان دەیبەخشی .

خولقاندنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ هاندانی سەرمایەداران لەسەر سەرمایەگوزاریکردن بە مەرجی تایبەت .

لە ساڵی 1984و 1985 کەوتە شەڕێکی توند لە دژی سەندیکا بەریتانیەکان ، بەو پێیەی ئەوان وەک دەربڕینی ناڕەزایی ژمارەیەک خۆپیشاندانیان ساز کرد ، بەلام لە کۆتاییدا بەهۆی گرتنەبەری ژمارەیەک ڕێوشوێنی تایبەت ، تاتشەر سەرکەوتنی وەدەست هێنا .

ساڵی 1982لەپێناوی بەرگریکردن لە دووڕگەکانی فۆکلاند ، شەڕی لە دژی ئەرژەنتین ڕاگەیاند و لەوێش سەرکەوتنی وەدەست هێنا .

گۆشەگیری

بە دەست لەکارکێشانەوەی لە پایەی سەرۆکوەزیران ، سەرجەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ پلە و پایە گرنگ و فەرمیەکانی دەوڵەت بڕی ، بەلام لە ژیانی گشتی نەکشایەوە و دڕێژەی بە چالاکیەکانی دا و لە بواری سیاسەتدا خۆی جێگیر کرد و وەک یەکێک لە بەرچاوترین کەسایەتیەکانی نێو جیهانی سیاسەتی بەریتانیا مایەوە ، ئەمە تا ساڵی 2002دڕێژەی کۆچی دوایی دیسیسی هاوسەرەکەی بگرێ و ئەمەبووە گورزێکی کەمەرشکێن بۆی . تەنیا دوو مانگ دوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی ، تاتشەر گوێزرایەوە نەخۆشخانە ، لە راستیشدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خانەوادەی تاتشەر جۆری نەخۆشی مارگرێتیان لە میدیا شاردەوە . لە 8ی ئەپریلی 2013و لە تەمەنی 87ساڵیدا ئافرەتی ئاسنی کۆچی دوایی کرد.

دوایین ساڵەکانی تەمەن و کۆچکردن

لە سەرەتای ساڵی 2005 باری تەندروستی تاتشەر ڕووی لە شڵەژان کرد ، ئەو ئەگەرچی بەرگەی ئەم هەموو ڕووداو و ململانێ تونداندەی گرت بەلام نەیتوانی بەرگەی



کشانەوە و

مانشێت



سکای نیوز :
بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئاستی ئەو ناسەقامگیریەی سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی لە نێوان ئێران وڵاتانی جیهان سەری هەڵداوە ، بڕیار وایە راوێژکاری دیبلۆماسی ماکرۆن بە سەرۆکایەتی شاندێک ڕوو بکاتە تاران .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئۆکرانیا ئامادەیی خۆی پیشان دا لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا کۆ ببێتەوە و سەبارەت بە کێشەکانی هەردوولا گفتوگۆ بکەن .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
عەلی باباجانی جێگری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا بۆ کاروباری ئابووری دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ئاک پارتی کرد .



ئەی ئێف پی:
دوای دابەزینی ئاستی پشتگیری ،ئێریک سوالویلی کاندیدی پارتی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ململانێکە کشایەوە .



فرانس 24:
وڵاتی مالتا رایگەیاند کە سەبارەت بە گواستنەوەی ژمارەیەک لە پەنابەران بۆ چەند وڵاتێکی دیکە ، لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا گەیشتۆتە ڕێککەوتن .



کەنالی ئار تی:
شاندی حکوومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تالیبان لەسەر ئامادەکردنی نەخشەیەکی ئاشتی ڕێککەوتن .

پڕۆژەکانی گەشتیاری لەئایندەدا ناوچەی باڵەکایەتی دەبوژێننەوە


بەشێک لە قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی گوندی گەشتیاری سەکران


کەپرێکی نموونەی گەشتیاری


بەشێک لە گوندی گەشتیاری خۆشکان


ڕێستورانتی خۆشکان

دەڤەری باڵەکایەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر 160کم لەناوەندی پارێزگای هەولێر دوورە، لەسەردەمی رژێمی سەدام لە ساڵی 1977تاکو 1983بەر پڕۆسەی ڕاگواستن کەوت و سەرجەم ناوچەکە چۆلکرا، گوند و شارۆچکەکان وێران و خاپورکران و دانیشتوانی بوونە ئاوارەی شاران.
لەسەردەمی شۆرشی ئەیلول پایتەختی هەرێمی کوردستان بووە و دەیان بڕیاری شۆرش بۆ چارەنووسی کورد لەم دەڤەرە دەرچووە، شوێنەوارەکانی سەرکردایەتی شۆرش لە ناوچەکە ماونەتەوە و ئامادەن بۆ خزمەتکردنی ناوچەکە بۆ شۆرشەکانی کورد، شوێنەوارەکانی شۆرش و دەیان بنەمای سروشتی و مرۆی لەرووی گەشتیاری ناوچەکەیان بەهێزکردوە. چەند ساڵێکە ناوچەکە لە رووی گەشتیاری رو لە بوژانەوەیە و گەشتیاران رووی تێدەکەن، رووتێکردنی گەشتیارانیش لە ناوچەکە، ئاینده‌یەکی گەش بۆ بووژانەوەی ناوچەکە مسۆگەر دەکات.
لە رووی سروشتیەوە بەرزترین لوتکە چیای عێراق دەکەوێتە ناوچەکە و زۆرترین بەفر و بارانی لێدەبارێت و چوار وەرزە بەفر لە هەندێک شوێن دەمێنێتەوە و زۆرترین گۆماوی سروشتی و رووباری بەفراوی دروست بکات و لە هاوین نزمترین پلەی گەرما تۆمار بکات، تاکە شوێنە ئشکەوت و تونێلی بەفرین لە گەرمەی هاوین گەشتیاران رادەکێشێت. هەموو ئەمانە وایانکردووە کە کەشوهەواوە ناوچەکە لە چوار وەرزە بۆ پەرەپێدانی سەرجەم جۆرەکانی گەشتیاری لەبار بێت و گەشتیار لە زستان و بەهار و هاوین بە تاک و بە گرووپ رو لە ناوچەکە بکەن. زۆربوونی گەشتیار بۆ ناوچەکە پاڵنەر و هاندەری هاوڵاتیان بوونە بۆ تەرخانکردنی زەوی و باخچەکانیان بۆ پڕۆژەی گەشتیاری، بۆیە لە سەرجەم دۆڵەکان و لێوارى رووبار و دەم چەمەکان و بەشێکی باخچەکان پڕۆژە و کەپری گەشتیاری دروست کراون و بەردەوامن لە دروست کردنی پڕۆژەی نوێ، سالاْ دوای سالْیش جۆر و کوالیتی پڕۆژەکان باشتر و سەرکەوتوتر دەبێت و چاوەڕوان دەکرێ لە ساڵانی داهاتوو زۆر باشتر ببێت. هەریەک لە پڕۆژەی گوندی گەشتیاری خۆشکان و پڕۆژەی گوندی گەشتیاری سەکران دوو پڕۆژن بە کوالیتی بەرز کاریان تیکراوە، گوندی خۆشکان کەوتۆتە خزمەتی گەشتیاران و رۆژانە رووی تێدەکەن بەلاْم گوندی گەشتیاری سەکران لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە. هەریەک لە گوندی گەشتیاری حاجی ئۆمەران و گوندی گەشتیاری هەڵگوردیش تەواو کراون و لە ساڵانی رابردوو بەردەوام پێشوازیان لە گەشتیار کردووە، هەروەها دەیان خانوو لە ناو باخچەکان کراونەتە موتێل و پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن.

کەپر و پڕۆژە و شوێنەکانی گەشتیاری ناوچەکە:

گوندی گەشتیاری خۆشکان : 22ڤیلا+مارکێت+چێشتخانە
گوندی گەشتیاری هەڵگورد: 28ڤیلا+مارکێت
کۆمەڵگای گەشتیاری حاجی ئۆمەران: 72ڤیلا +مارکێت+چێشتخانە. گەڵاڵە 4 ڤیلا. هاوینەهەواری گەڵی سەکران: 65کەپر+مارکێت. گەڵی دووبرایان: 70کەپر+مارکێت. شێخان 35کەپر. ئالا 35کەپر. قوبەی گەلاڵە 20کەپر
کانی شێخی باڵەکان 10کەپر+مارکێت. سپێدە 45کەپر. دێڵزە+کاولان+ کۆنەخانان: 4موتێل 50کەپر. دەربەند: 15کەپر+چێشتخانە. ئێنین: 40کەپر+مارکێت. ناوپردان: 35کەپر. چەندین سابات و کەپر و خانووی تر کە تاک تاک لەلایەن هاوڵاتیان خراونەتە خزمەتی گەشتیاران.

گوندی گەشتیاری سەکران وەک پڕۆژەیەکی ستراتیژی

لە دۆلی سەکران لە ناوچەی شێخان پڕۆژەیەکی گەشتیاری بە ناوی گوندی گەشتیاری سەکران لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە، پڕۆژەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری سەکران لە بەرامبەر چیای سەکران، دەروبەری باغ و سەوزایە، بە دوو قۆناغ تەواو دەکرێ، لە 70%ی قۆناغی یەکەم جێبەجێکراوە، قۆناغی یەکەم 18موتێل و ڤیلە و یەک ریستورانت و 21کەپر و حەوزێکی ئاو و نافورە و گەراج و خزمەتگوزاری تر، 4ڤیلە دوو نهۆمن و(vip) ن. گوندەکە بە سیستەم و دیزاینی ئیتالی بە شێوەی ئەندازیاری دروست کراوە، خزمەتگوزاری پەیوەندی و ئینتەرنێت و گەرمی و ساردی بە شێوەی مەرکەزی دابین کراون. قۆناغی دووەم نەچۆتە جێبەجێکردن کە دەریاچە و کۆمەلێک کەپر و تاقگە و ڕێڕەوی ئاوی و یاری منداڵان و چەند خزمەتگوزاریەک لە خۆ دەگرێ. چاوەڕێ دەکرێ لە گەڵ تەواوبوونی پڕۆژەکە ناوچەکە لە رووی گەشتیاری بچێتە قۆناغێکی نوێ و بووژانەوەیەکی ئابووری بە ناوچەکە ببەخشێت.

ئا: نادر روستی

بە بۆچوونی تۆ چ جۆرە یاریەک لە شوێنەکانی گەشتیاریدا هەبێت؟



دروستکردنی کەپر و موتێل و هۆتێل بە تەنیا خواستی گەشتیار تێر ناکەن، بەڵکو جۆری خزمەتگوزاری و یاری و ئامرازەکانی کاتبەسەربردن و خۆشی لێوەرگرتن پاڵنەری زۆر کاریگەرن کە زۆرترین گەشتیار بۆ پڕۆژەکان و ناوچەکانی گەشتیاری رابکێشن بۆیە پێمان باش بوو بۆچوونی ژمارەیەک هاوڵاتی لەم بارەیەوە وەربگرین و ڕاچاوی بۆچوونەکانیان لە دروستکردنی پڕۆژەکان بکرێت.
ئاوارە حەمە ڕەشید: پردی شوشەیی زۆر شتێکی شازە تایبەتە بۆ خەرەندی ڕەواندز و ئەو شوێنانەی کە هەڵکەوتەی شوێنەکانیان وەک ڕەواندزە. بورجی ئمونەی وەک بورجی میلادی تاران بەڕاستی پایتەخت لەمەی کەمە هەرچەندە ئەوانەی سەرەوە کەمێک لە یارییەوە دوورن. خۆهەڵدان لە چیا بەرزەکان بە گوریس.
سەعید بابان: دروستکرودنی مەلەوانگە لە شوێنەکانی گەشتیاری چونکە هەموو مرۆڤێک حەز لە ئاو و مەلەکردن دەکات، بەمەش خەڵکی لە خنکان دووردەکەنەوە و هەلی کاریش بۆ کۆمەلێک گەنج دابین دەبێت.
نەبیل ئەحمەد: بۆ شوێنە گەشتیاریەکان ئەوانەی خاوەنی ڕووبەرێکی ئاوین گەر بەلەمی مامناوەندی گەشتیاری تێدا بێت ئەوا لەلایەک دیمەنێکی جوان دەبەخشێ و لەلایەک داهاتێک کۆ دەکاتەوە.
هەروەها دانانی خلیسکێنەی سەرئاو بەتایبەت ئەو جۆرەی بەشێوازێک بەستراوەتەوە بە کێبڵ و ستوونەکانەوە.
دانانی یاریە خێراکان وەک هەڵدانی تۆپ بۆ ناو ئامانجێک و نیشانە شکاندن...هتد ئەمانەش کۆکەرەوەی داهاتن.
ئومێد شێرکۆ: پێویستە شوێنک لە شوێنە گەشتیاریەکان بکەنە شوێنی تایبەت بەیاریە کوردیەکان ، بەشێوازیکی ڕێک و مۆدێرن ، وەک کێبڵ کێڵانێ، قاشوانی پەلیکانی، سەدان یاری کوردی هەیە دەکرێت شوێن و کەرستەیان بۆدابین بکرێت، وابزانم سوودی مادی دەبێت ،لەهەمان کات ناساندنی کەلتوری خۆشمانە بەگەشتیاران، بێگومان گەنجی ئەوسەردەمەش شارەزایی پەیدا دەکات لەم یاریانەی میللەتەکەی.

زیادکردنی مەلەوانگە ڕێژەی خنکان کەم دەکاتەوە



یاری کڕین بە ئاو و مەلەکردن لە ناو ڕووبار و ئاوەکان خولیایەکی بەهێزی زۆربەی هاوڵاتی و گەشتیارانە، ئەمەش وایکردوە پڕۆژە گەشتیاریە نایابەکانی وەک هۆتێلی پێنج ئەستێرە گرنی بەم خزمەتگوزاریە بدەن و زیاتر میوان و گەشتیاران بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.
گرنگی مەلەوانگە تەنیا بۆ پڕۆژەی نایەب نییە، بەڵکو پێویستە زۆربەی پڕۆژەکان گرنگی بەم بابەتە بدەن، بەتایبەت ئەو پڕۆژانەی لە نزیک ڕووبارەکان و لە ناوچە چیاکان دروست دەکرێن پێویستە گرنگی بەم بابەتە بدەن و سەرنجی میوانان ڕابکێشن و دوریان بخنەوە لە مەلەکردن لە ڕووبار و چەمەکان. گرنگە لە قەزاو ناحیەکان گرنگی بە مەلەوانگە بدرێ و شوێنیان بۆ تەرخان بکرێ و ببێت بە شوێنی یاریکردن و کات بەسەر بردن، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا بۆتە شوێنێک بۆ چارەسەری هەندێک لە نەخۆشیەکانی وەک فەقەڕات و بۆتە بنکەیەکی وەرزشی بۆ گەنج و لاوان، دەیان هاوڵاتیش لە سەرکێشی و مەلەکردن لە ڕووبارەکان رزگاریان دەبێت و ڕێژەی خنکانیش کەم دەبێتەوە.

ئەم شوێنە بناسە

هاوینگەی ئاوێسەر



ئاوێسەر بە دووری 3کم دەکەوێتە باکوری گوندی تەوێلە لە ناحیەی بیارە لە ناوچەی هەورامان، ئاوێسەر هاوسنوورە و دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێران، ناوچەیەکی سەوز و خاوەن سرووشتێکی جوان و فێنکە. بە ئاوێکی سارد و باخ و باخاتی گوێز بە ناوبانگە. لە ژێر سێبەری دارەکان چەندان کەپر و موتێل و شوێنی گەشتیاری و خزمەتگوزاری دروست کراوە. لە وەرزی هاوین بەردەوام گەشتیاران رووی تێدەکەن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/10 ژمارە (5786)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com





دانی ئالڤێس خاوەن زۆرترین نازناوی بەکۆمەڵە

هاوکار کەڵهوری

ئەلڤێسی بەرازیلی زۆرترین نازناوی لەگەڵ یانەکانیو هەڵبژاردەکەی بەدەستهێناوە، کە (٤٠) نازناوە، ئەمەش زۆرترین نازناوە یاریزانێک توانیبێتی بەدەستێ بهێنێت، خەونی هەموو یاریزانێکە خاوەن ئەو سەروەریەی دانی بێت، دواین نازناویش، جامی کوپا ئەمەریکای (ـ) بوو کە لە خەاکی ولاتەکەی بەرێوەچوو .

نازناوەکانی ئەلڤیس ئەمانەن:

لەگەڵ سیڤیە:

٤جار یۆرۆلیگ

جارێک سوپەری ئەوروپی

جارێک شای ئیسپانی

جارێک سوپەری ئیسپانی

لەگەڵ بارسێلۆنا:

٦جار لالیگا

٤جار شای ئیسپانیا

٤جار سوپەری پیسپانی

خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا

جار سوپەری ئەوروپا

جار جامی جیهانی یانەکان

لەگەڵ یۆڤانتۆس:

جارێک خولی ئیتالی (سیریا ئەی)

جارێک سوپەری خولی ئیتاڵی

لەگەڵ پاریس سانت جێرمان

جار خولی فەرەنسی

جار سوپەری فەرانی

جامی فەرەنسا

جامی پیشەگەران

لەگەڵ بەرازیل:

جار کوپا ئەمریکا

جار پەڵەوانی کێشوەرەکان

سەرەرای بەشداری نەکردنی ئەلڤێس لە دوو مۆندیال،بەهۆی پێکانەوە .

کچەکەی فیگۆ

دەبێتە شازادەی ئیسپانیا

رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی ئاشکرای کرد کە لویس فیگۆی یاریزانی پێشووی یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید و کاپتنی هەڵبژاردەی پورتوگال، دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شای ئیسپانیا.

رۆژنامەکە ئاماژە بەوەکرد کە کچەکەی لوسیس فیگۆ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ نەوەی خوان کارلۆسی یەکەم شای ئیسپانیا هەیە و هەردوکیان دانیالا و لویس چەند مانگێکە ئەو پەیوەندییەیان دروست کردووە و بەگوێرەی هەواڵی رۆژنامەکە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەو پەیوەندییە بە هاوسەرگیری کۆتایی پێ بێت.

پیرۆ لە کۆی 9 گۆڵ 8 گۆڵی لەلایەن بەرازیلەوە لێکرا



هاوکار کەڵهوری

پیرۆی خاوەن پلەی دووەمی کوپا ئەمەریکای سی بەرازیل، لە کۆی گشتی ئەو گۆڵانەی لەو پاڵەوانێتییەدا لێیکرا بریتی بوو لە نۆ گۆڵ، کە .گۆڵیان لەلایەن یاریزانەکانی بەرازیلەوە لێ تۆمارکرا، گۆڵەکانیش لەلایەن یاریزانان (ئیڤەرتۆن . گۆڵ، کاسیمیرۆ گۆڵێک، جیسۆس گۆڵێک، فیرمینیۆ گۆڵێک، دانی ئەلڤیس گۆڵێک، ویلیان گۆڵێک، ریچالستۆن گۆڵێک) گۆڵەکەی تریش یاریزانی پۆلیڤیا (مارسیلۆ مۆرینهۆ) تۆمار کرا، کۆی گشتی سەرجەم گۆڵەکانی ئەم پا ڵەوانێتیە گەیشتە (٦٠) گۆڵ.

سێلڤا و ئالڤێس وەڵامی لێدوانەکەی مێسی دەدەنەوە



تیاگۆ سیلڤا و دانی ئالڤێسی یاریزانانی هەڵبژاردەی بەرازیل هەریەک لای خۆیەوە وەڵامی لێدوانەکانی لیۆ مێسی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینیان دایەوە کە کوپا ئەمریکای بە گەندەلی ناوبردبوو.

سیلڤا دەڵێت: مێسی هەڵوێستی نیازخراپییە گەورەکەی راگەیاند ئەوەی گۆتی گۆتی: ئەوەبیر مێسی دەهێنمەوە کاتێک پاریس سان جێرمان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەو زوڵە گەورەی لەلایەن ناوبژیوانەوە لێکرا، کەس ناوبژیوان و ئەکێتی ئەوروپی بەگەندەل تۆمەتبار نەکرد، پیویستە دۆڕان و بردنەوە وەک یەک قبول بکەین.

لەلایەکی دیکەوە ئالڤێس رایگەیاند کە ئەو لە هەستی مێسی تێدەگات، بەڵام ناکرێت ئەویە کە گوتی پشتیوانی لێ بکەین، هەروەها گوتی یاریزانانی بەرازیل هەموو توانایەکی خۆیان دا بۆ ئەوەی نازناوەکە بەدەست بهێنن.

سەرۆکی فەرەنسا: لەهەبوونی هەر دیاردەیەکی ڕەگەزپەرستی پێویستە یاریبەکان بوەستێنرێت



ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا دووپاتی کردەوە کە پیویستە سنووردێک بۆ ئەو دیاردە ڕەگەزپەرستییە لەناو یاریگاکانی تۆپی پێدا بهێنرێت و ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن تووندترین سزا بدرێن. ماکرۆن دەڵێت: ناکرێت لەگەڵ سەر ئەو جۆرە دەنگۆ و هاوارانەی ناو یاریگاکانی تۆپی پێ حۆمان رابهێنین، پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگرینە بەر و بەر لەهەموو شتێک لە بوونی حالەتیکی لەمشێوەیە پیویستە دەمودەست یاریبەکە بوەستێنرێت. جێی باسە ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا بەداواکاریبەکەی ڕۆکسانای خانمە وەزیری وەرزشی فەرەنسی ڕازی بووە کە تیایدا هاتووە ناوبژیوانان ئەو مافەیان پێدراوە کاتێک گوێیان لە هاوارێکی ڕەگەزپەرستی بیت لەناو یاریگا بۆیان هەیە ڕاستەوخۆ یاریبەکە ڕاگرن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 10. Jul. 2019 No: (5786)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ژیاننامەی مەسرور بارزانی

ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

– مەسرور مسعود مستەفا بارزانی، لە 1969/3/2 لە گوندی دیلمان لە ناوچەی باڵەکایەتی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

– لە هاوینی ساڵی 1985 لە تەمەنی 16 ساڵیدا پەیوەندی بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە و لە ریزی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدوە دەستی بەخەباتی چەکداری کردووە.

– ساڵی 1988 بەشداری مەیدانیی داستانی بەنێوبانگی (خواکورەک)ی کردووە لەدژی سوپای ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و بەکامیرای تایبەتی خۆی بەشێکی نەبەردییەکانی تۆمارکردووە، کە بە یەکێک لە فیلمە دیکیۆمێنتارەکانی شۆڕشی چەکداری گەلی کوردستان دادەنرێت.

– ساڵی 1991 لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو بەشداری لەڕاپەڕینی گەلی کوردستان کردووە.

– سەرەڕای ئەوەی بەهۆی شۆڕش و بەرخودانی گەلی کورد ژیانی منداڵیی خۆی لە ئاوارەیی بەسەربردووە، بەڵام قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ئێران بەسەرکەوتوویی بڕیووە.

– ساڵی 1992 بۆ فێربوون و شارەزابوون لە زمانی ئینگلیزی ڕووی لە لەندەنی پایتەختی شانشینی بەریتانیا کردووە و بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ خوێندوویەتی.

– دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە و لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن دی سی(1993–1997) دەستی بە خوێندن کردووەو بەسەرکەوتوویی بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان بەدەستهێناوە.

– پاشان لە هەمان زانکۆدا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لەبواری ئاشتی و چارەسەری ناکۆکییەکان خوێندوویەتی.

– ساڵی 1998 گەڕاوەتەوە کوردستان و بەشداری لە کۆنگرەی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و بە دەنگی بەشداربووانی کۆنگرە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئاژانسی پاراستن و هەواڵگری پێ سپێردراوە.

– ساڵی 2005 لەبەرامبەر ڕۆڵی خەبات و پرەنسیپەکانی مستەفا بارزانی لە ژیاندا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی دامەزراند، وەک دەزگایەکی مرۆیی خێرخوازی قازانج نەویست بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و هاوکاری بە ئاوارە و پەنابەران و کەسانی خۆجێیی، کە پێویستیان بە یارمەتییە.

– لە کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ساڵی2010 بەڕێوەچوو، یەکەمین دەنگی بەشداربووانی کۆنگرەی بەدەستهێناو دووبارە بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

– بە فەرمانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (68) لە 2012/4/30 بۆ سەرپەرشتیکردنی دەزگاکانی ئاسایش، هەواڵگری سەربازی و دامەزراوە هەواڵگرییەکان بە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

– لە دوای ئابی 2014دا لە بەرپەرچدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و پەلامارەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانان پێکهێناوە، کە ئەم هەوڵە هاوبەشە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی هێرشە ئاسمانییەکان و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەکان لە دژی تیرۆریستان هەبوو. خودی مەسرور بارزانی لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەشێوەیەکی مەیدانی لەبەرەکانی جەنگ ئامادەبوو و بەشداری لە سەرپەرشتیکردنی زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش کردووە.

– دامەزرێنەر و سەرۆکی بۆردی زانکۆی ئەمەریکی کوردستانە لە دهۆک، کە لە دێسەمبەری 2013دا بەردی بناغەی پرۆژەکەی دانا.

– لە 2018/12/3 لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەربژێر کرا.

– لە 2019/6/11 وەک بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنی گشتی 2018/9/30 لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا و لە دەنگدانێکی ڕاستەوخۆدا بە دەنگی (87) پەرلەمانتار لە ئامادەبوونی (97) پەرلەمانتار بووە بەربژێر بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

– لە 2019/6/12 بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە(1ی ساڵی2019) لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا.

– خێزاندارەو خاوەنی سێ کوڕ و کچێکە بەناوەکانی (یاسمین، ئارین، بەرزین، ئاران).

– شارەزایی تەواوی لە نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن بە زمانەکانی (کوردی، فارسی و ئینگلیزی) هەیە و لە زمانی عەرەبیش تێدەگات.

– لە بواری هونەری و وەرزشی شارەزایی لە شێوەکاری و ئەسپ سواری و مەلەوانی هەیە.